# بەرەو بەکانتۆنکردنی کەرکوک: لایەنە نێگەتیف و پۆزەتیڤەکانی

## توێژینەوەیەکی کولتووریی و سیاسیی بۆ بەهەرێمکردنی  کەرکوک

## کامیار سابیر

ئەم نووسینە لەدیدێکی سیاسیی  و کولتوورییەوە بۆ مەسەلەی کەرکوک و کورد دەڕوانێ و بە پێویستی دەزانێ کە عەقڵانییەتی سیاسیی و لێبووردەیی( سیاسیی  وئێسنیکیی و نەتەوەیی و نیشتمانیی ) جێگەی رق و کینەو شەڕو شۆڕ بگرێتەوە. جێگەی پەمپی ئایدیۆلۆژیاو کەفوکوڵی ئێسنۆناسیۆنالیزم و هەڕەشەو کوشتن بگرێتەوە. پێویستە خەباتی سیاسیی ژیرانەو خەباتی دیمۆکراسیی لەڕێگەی دیبەیت و پرۆژەی فیکریی و ئابووریی و کولتوورییەوە بە سەنگی مەحەکی چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان پێکهاتەکانی شارێکی پڕ لەکێشەی وەک شاری کەرکوک لەلایەک و کورد و حکومەتی فیدراڵ لەلایەکی تر  بەهەند وەربگیردرێ .

ئەم نووسینە پرۆژەیەکی سیاسیی نییە، بەڵکو وەک توێژینەوەیەکی کولتووریی لەسەر رەهەندە ئەنسرۆپۆلۆجیی و کولتووریی و سیاسییەکان دەوەستێ.  هاوکات بڕوای بەوە هەیە سەرەڕای ئەو میکانیزمانەی بەکارهێنراون دژی بوونی کورد و ئێسنیکی کورد لەم شارەدا، نەک نەتوانراوە حەزیای ئایدیۆلۆژیی پانعەرەبیزم و شۆڤینیزمی عەرەبیی دەسەڵاتدارانی پێشووی عێراق پاراو بکات، بەڵکو کێشەکانی ئەم شارەی ئاڵۆزتر کردووە. لەهەمان کاتیشدا بڕوای وایە کە ناکرێ ئەو هەموو تاوان و شەڕو خوێنە بە  ئاراستەیەکی پێچەوانەدا هەڵبگەڕیندرێنەوە بۆ ئەوەی کورد لەڕێگەی میکانیزمی تۆڵەسەندنەوەوە مافەکانیان بەڕێگەی توندوتیژیی و سەرسەختیبوون لە پانکوردیزم و شۆڤینیزمی کوردایەتییدا ببیننەوە. بەتایبەت هەنووکە کێشەکان تەنها لەنێوان پێکهاتەکانی  کورد و عەرەبدا نییە، بەڵکو تورکمانەکانیش بوونەتە بەشێکی سەرەکیی بۆ چارەسەری کێشەی کەرکوک و لەهەمان کاتیشدا کریستیانەکانی کەرکوک و کەمینەکانی تریش دەبێ لەبەرچاو بگیردرێن.

پێش هەموو شتێ، سەرەکییترین سەرەداو و چارەسەری کێشەی کەرکوک، مەسەلەی ژیان و ئابووریی خەڵکی شارەکەیە.  راستە ئەوەی کێشەی کەرکوکی دروستکردووە ئێسنۆناسیۆنالیزمی عەرەبیی و پانعەرەبیزم بووە. ئەو شۆڤینیزمە عەرەبییە بووە کە لەدێر بەدێرێ بەرنامەی بەعسدا بانگەوازی نەمریی و سەرووەریی ئێسنۆناسیۆنالیزمی عەرەبیی دەکات. بەعس پێیوایە کەرکوک شارێکی عەرەبییەو لەوڵاتێکی عەرەبییدایەو ئەو خەڵکەی لەسەر نیشتمانی عەرەبییش دەژین هەر دەبێ عەرەب بن. بەڵام لەدوای رووخانی بەعسەوە هاوکێشەکان پێویستییان بەچارەسەری سیاسیی و کولتووریی و ئابووریی هەیە. لەهەلومەرجی گلۆباڵیزەیشندا بۆ دابینکردنی ئاساییشی جڤاکەکان و رەهەندە سیاسیی و کولتوورییەکانیان، ئابووریی گرینگترین فاکتەری سەرەکییە.

گۆرباتشۆف لە نوێترین وتاریدا، باسی بەرکەنارخستنی پڕۆژەی ئابووریی و بەدواچوونی ئابووریی دەکات و ددان بەهەڵەی خۆیاندا دەنێ لە بیرۆسترۆیکادا کە هەر لایەنە سیاسییەکەیان گرتبوو. بەهەمان میتۆدی سیاسییش لە 2003 ەوە لایەنە کوردییەکان نەک هەر بواری ئابووریی و ژیان و دەرامەتی خەڵکی کەرکوکیان بۆ گرینگ نەبووە، بەڵکو بە هۆی ئەو هەلومەرجە سیاسییەوە باشترین هەلی خۆدزینەوەیان بۆ رەخساوە. هەروەک گۆرباتشۆف دەڵێ" خەڵک لە رۆژێکیان خۆش نابن کاتێک پێداویستییەکانیان لە شتومەکی رۆژانە روو لەکزیی دەکات"(بڕوانە وتارەکەی گۆرباتشۆف) . خەڵکی کەرکوکیش بە هەموو نەتەوەو ئێسنیک و ئایینەکانەوە پێداویستییەکانی ژیانی رۆژانەیان لە شەڕی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیی و حیزبیی و ئێسنیکیی لەلاگرینگترە. بەدەر لەوەی شەڕی ئێسنیکیی ئەو شارە ، زیاتر سیمایەکی سیاسیی وەرگرتووە، بەڵام پشتگوێخستنی رەهەندە ئابووریی و ژیارییەکان، زامەکان قووڵتر دەکاتەوە.

هەر وڵات و شارێک لەڕووی ئابوورییەوە نوشوست بهێنێ، لەڕووی سیاسیی و کولتوورییشەوە هەرەس دەهێنێ (Horowitz 1985 ). کەرکوک یەکێکە لەوشارانەی کە حکومەتە کۆمارییەکانی عێراق بەدرێژایی 45 ساڵ، ناوچە کوردنشینەکانیان فەرامۆش کردبوو، پڕۆژەی ئابوورییان تێدا نەدەکردەو و ژێرخانی ئابووریی ناوچە کوردنشینەکان بەردەوام لە رۆچووندا بوو. دیارە ئەم سیاسەتە باکگراوندێکی نەتەوەپەرستیی و ئێسنۆناسیۆنالیزمی عەرەبیی لەپشت بوو، لە ئایدیۆلۆژیای حیزبی بەعسیشدا بەلوتکەی خۆی گەیشت. بەڵام دوای لابردنی رژێمی سەدام، پارە و بودجەی زۆروزەبەندی عێراق بەسەر حیزبە سیاسییەکاندا هەڵڕژا. کەچیی لای کەمی ئەو پارەو بودجە زۆرە لەماوەی حەوت ساڵی رابردوودا بۆ بووژاندنەوەی ئابووریی کەرکوک و خەڵکی شارەکە چ لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوەو چ لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بەکار نەهات. تەنانەت بۆ راستکردنەوەی پاکتاوی نەژادیی وگۆڕینی دیمۆگرافیی شاری کەرکوک بەکار نەهێنرا، کە رژێمە کۆمارییەکان بەگشتیی و بەعس بەتایبەتیی ئەنجامیان دابوو. کورد لەشەش حەوت ساڵی رابردوودا بەس بە پارەو پڕۆژەی ئابووریی دەیتوانی جێبەجێکردنی ماددەی 140 زۆر ئاسانتر بکات، نەک وەک هەنووکە ئاڵۆزی بکات. سەتان( سەدان) کەس هاواریان کرد، شەڕی ناوێ بەس بەپارە کەرکوک بکڕنەوە، دەسەڵاتی کوردیی گوێی لێیان نەگرت.

سەرەڕای هەلومەرجی ئاڵۆزی کەرکوک لەڕووی سیاسیی و ئابوورییەوە، لەڕووی تیۆرییە سیاسییەکانەوە و لەناو کێشمەکێشە سیاسیی و کولتوورییەکانی نێوان نەتەوەو ئێسنیکە جیاوازەکاندا، ئێسنیکەکان بە سیمبۆڵیزم و کارێکتەرایزبوونی شتە باشەکانی گرووپەکانیانەوە خۆیان ڕادەدەن. کەچیی ئەو سیمبۆڵیزم و کارێکتەرانەی سەرکردە کوردەکان و ئیدارەی خۆجێی کوردیی لە کوردستانی عێراقدا ئەوەندە بەدکار و ناشیرینە، متمانەی نەداوە بە کوردەکانی کەرکوکیش کە پردێکی مکوم لەنێوان خۆیان و دەسەڵاتی سیاسیی کوردییدا دروست بکەن.

دەنگنەدانی پتر لەسەد هەزار کوردی کەرکوک لەهەڵبژاردندا، هەر پاسیفیستبوون و لاموبالاتیی و دەست بەکلاوگرتنی خۆوە نییە. بۆ شارەکانی تر ئێیەکی تێدایە، بەڵام بۆ کەرکوکێک وەک کووانووی پڕ لەپشکۆ وایە، چۆن بەبێ فاکتەری سیاسیی و کولتووریی، پاش دەیان ساڵ تەعریب و دەرکردنی دەیان هەزار خێزانی کورد، چۆن بەو ڕادەیە بێباك دەبن و لە چارەنووسی سیاسیی شارەکەیاندا بەشدار نابن؟ لەبەرامبەریشدا لیستی هەندێک لە پانعەرەبیی و پانتۆرانیی ( ئەلعێراقییە) ەکان، بەساختە بێت یان بە راستیی لەهەڵبژاردنی مارسی 2010 دا لە لیستە کوردییەکانی دەبەنەوە.

لەهەلومەرجی رووخان و داغانبوونی دەسەڵاتێکی سیاسییدا کە پڕ بووبێت لەکێشەی نەتەوەیی، مەزهەبیی، ئێسنیکیی و کولتووریی، هەمیشە سەرقاپی ئەو مەنجەڵە پەستێنراوە کە لادەچێ، فوارە بۆ تەقینەوە ناوخۆییەکان پەیدا دەبێت. لەدۆخێکی وەک شاری کەرکوکدا، وێڕای ئەوەی ئێسنۆناسیۆنالیزمی عەرەبیی نزیکەی 80 ساڵ باڵادەستیی هەبوو، بەڵام لە 2003 بەدواوە ئەو جەبەرووتەیان لەدەستدا. لە دۆخێکی سیاسیی و کولتووریی پڕ لە گرژییدا، هەمیشە ئێسنیکەکان بەریەک دەکەون و گرووپی داش- سوار دەیەوێت تۆڵەی ئەو کاتانە بکاتەوە کە ستەمی لێکراوە و گرووپی باڵادەستی رابردووش لەترسی لەدەستدانی دەستکەوتە سیاسیی و ئابووریی وکولتوورییەکانی لاساریی دەکات و نایەوێت دەستکەوتە فیزیکییەکانی لێ بسەنرێتەوەو بەمپێیەش سەرەتای توندوتیژیی دەست پێدەکات ( Toft 2003).

لەکاتێکدا کوردەکان دەیانەوێت قەرەبووی سیاسەتەکانی بەعس بکەنەوە کە هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافیای شاری کەرکوکی بە ستراتیژێکی زۆر ئێسنۆنالسیۆنالیستیی عەرەبیی دابوو، بەڵام لەهەنووکەدا بۆ گرووپە ئێسنیکییەکانی وەک عەرەب و تورکمان و تەنانەت ئاشووریی و ئەرمەنییەکانیش لەشاری کەرکوکدا مانەوەی فیزیکیی physical survive و هێجەمۆنی کولتووریی و سیاسییان مەرجێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی شەڕ نەکەن و توندوتیژیی نەخوڵقێنن و دەستی وڵاتانی تر نەهێننە ناو مەسەلەی کەرکوکەوە ( هسپ- ibid). لەم دیدەوە، ئەم باسە پێیوایە، بۆ پاراستنی گرووپە جیاوازەکان و ئێسنیکە جیاوازەکان، لەهەمان کاتیشدا بۆ راستکردنەوەی هەڵە ستراتیژییەکانی بەعس، باشترین چارەسەری هەنووکەیی چێکردنی هەرێمێکی تایبەتە بەخۆیان لە چوارچێوەی جیۆگرافیای شاری کەرکوکدا کە ئەم توێژینەوەیە لێی دەکۆڵێتەوە.

لەڕووی کولتووریی و سیاسیی و کارگێڕییەوە، دابینکردنی هەرێمێکی سەربەخۆ دەبێتە هۆی مانەوەی ئایدێنتیتییان و بەبوونی ئازادانەی خۆیان هەستدەکەن (ibid). هاوکات گەڕاندنەوەی بەشێکی زۆری ئەو مافانەیە کە لە کوردی ناوچەکانی کەرکوک زەوتکرا. کەچیی رێک بەپێچەوانەوە ئەم هەستە لای عەرەب و تورکمان بەدیناکرێ کاتێ باسی گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەکرێ. بەواتایەکی تر عەرەب و تورکمان وێڕای دەستێوەردانی بیری رەگەزپەرستانەی پانعەرەبیزم

و پانتۆرانیی، بە هیچ شێوەیەک حەز بە ریفراندۆم (رێفەرێندەم) لەسەر پرسی کەرکوک کە جێبەجێکردنی ماددەی 140ە، ناکەن ، چونکە حەز بەچارەی هەرێمی کوردستان ناکەن.

**ئیسنۆناسیۆنالیزمی کورد و کوردایەتیی**

کورد لەمێژووی عێراقی مۆدێرندا دەکرێ بگوترێ لە دوای کوودەتاکەی عەبدولکەریم قاسمەوە کەوتووەتە بەرامبەر حکومەتی ناوەندییەوە. زۆری نەبرد لەدوای هاتنەوەی بارزانیی یەکەمەوە لە سۆڤێتی ئەوسا، ناکۆکییەکانی نێوان بارزانیی و قاسم گەشەی سەند، تەنانەت بابا عەلی شێخ مەحمود، کە نێوبژیی نێوان بارزانیی و قاسمی دەکرد، بەڕاشکاویی لەلایەن بارزانییەوە پێیگوترا چارەسەری پرسی کەرکوک دەبێ بکرێ. ئەوەبوو قاسم لەژێر تەوژمی ناسیۆنالیستە توندڕۆکانی عەرەبدا نەیتوانی بەچارەسەرێک بگات، شەڕ لەگەڵ حکومەتی جەماوەرییترین پیاوی سیاسیی و عەسکەریی ( قاسم) لەعێراقدا دەستیپێکرد ( Astarjian 2007 ).

بەواتایەکی تر پارتیی ئەوسەردەمەو و هەنووکە ئەو مافە بەخۆی دەدات کە لەسەر کەرکوک شۆڕشی چەکدارییان دژی حکومەتی ناوەندیی دەست پێکردەوەو هەر لەسەر کەرکوکی کۆستکەوتووش بوو کە بارزانیی ئەو هێزە پرچەک و تفاقەی ئاشبەتاڵ پێکرد. یەکێتییش هەر لەسەرکەرکوک بوو لە 1985 کۆتایی بە گفتوگانی هێنا، پاش ئەوەی گفتوگۆ بەبنبەست گەیشت. هەمیشە هێزە میلیشیا کوردییەکان ئەوە دەدەنەوە بەچاوی کەرکوک و کەرکوکییەکاندا کە خەباتیان بۆ کەرکوک کرد. ئاشبەتاڵ و نسکۆو شکستیان تووش بوو، هەر بەهۆی کەرکوکەوە بوو. دروشمی " یان کەرکوک و خانەقین، یان تا ماوین دەجەنگین" چەندین ساڵ کوورەی شەڕی پێشمەرگەو حکومەتی گەرم راگرت، کەچیی لەسەر ئەرزی واقیع لەدوای 2003 ەوە ئەوەی سەرمایە بیلیۆنییەکانی ئەو حیزبانە ببینێت و لەگەڵ کەرکوکی دڵ و قودسی کوردستاندا بەراوردی بکات، بەئاسانیی بۆی دەردەکەوێ، چ نانێکی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیی بەکەرکوکەوە دەخۆن و چۆن بنەماڵەکانیان لەسەر حیسابی کەرکوک و گەرمیان و ئەنفال، بوون بە لۆردەکانی کوردستان و ئەوەی باسیشی دەکەن لەگەڕانەوەی کەرکوک بۆسەر هەرێمی کوردستان، تەنها بۆ بازاڕگەرمیی و خۆشباوەڕیی شەقامی کوردییە.

**دۆڕاندن و بردنەوەی کەرکوک لەلایەن نەتەوە جیاوازەکانەوە:**

کەرکوک شارێکی کوردستانییە ، عەرەبییە یان شارێکی تورکمانیی ، یاخود عێراقێکی بچووککراوە بەڕای ئەم نووسینە ئەو تێرمانە زیاتر تێرمەگەلێکن بۆ جوڵاندنی مۆتیڤ و هەستی ناسیۆنالیستانەی عەرەبیی، کوردیی و تورکمانییە. چۆن دەکرێ هیچ نەتەوەو پێکهاتەیەک هەموو

شتێک نەدۆڕێنێ و هەموو شتێکیش نەباتەوە؟ ئەم توێژینەوەیە لەهەوڵی دۆزینەوەی چارەسەرێکدایە کە لای کەمی داوا جیاوازەکانی پێکهاتە جیاوازەکان بەدیبێنێت.

دوو کۆنسێپتی سەرەکیی لە هەر جڤاکێکی فرە-کولتوورییزم multiculturalism دا دەبێ زۆر بەوردیی لەبەرچاو بگیردرێن. پرۆسێسی بنیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەیی Nation – State و هاوڵاتیبوون Citizenship، کە دوو چەمکی لێکئالاوو بەپێچ و پەنان. شاری کەرکوک لەدیرۆکێکی زۆر کۆنەوە شارێکی فرە کولتوور و فرەئایین و فرە رەگەز و فرە نەتەوەو فرە ئێسنیک........تاد بووە. جێبەجێکردنی ماددەی 140 رەهەندی لۆکاڵیی، هەرێمیی و جیهانیی هەیە، بۆیە زۆر پێویستە چەمکی هاوڵاتیبوون، چەمکی خۆبەخاوەنزانینی خەڵکی ئەو شارە بۆ جیۆگرافیاو ئابووریی و سەروەریی شارەکەیان بچەسپێنرێ، ئەوسا بیر لەئینتیمای سیاسیی و ئایدیۆلۆژیی خەڵکی شارەکەو جیۆگرافیای شارەکەو ئابووریی شارەکە لەهەرێمێک و قەوارەیەکی سیاسیی تردا بکرێتەوە.

کیملیکای شارەزا لە فەلسەفەی سیاسییدا لەسەر پرسی فرەکولتووریی لە شارو وڵاتە فرە کولتوورەکاندا ، کە کێشەی سیاسیی و کولتووریی و نەژادییان تێدایە، پێیوایە زۆر رێگەی جیاواز هەیە بۆ ئەوەی کەمایەتییەکان لە جڤاکە سیاسییەکاندا تێکەڵ ببن، لەسەرکوتکردن و زاڵبوون و کۆڵۆنیالیزمەوە بگرە تا بە کۆچی ئازادانەی تاک و خێزانەکان دەگات( kymlicka 1995). رژێمە کۆمارییەکان و تەنانەت حوکمی پادشاییش کەم تا زۆر سیاسەتی زەبروزەنگ و دەرپەڕاندن و خۆسەپاندنیان بەکارهێناوە، ئاکامەکەی جگە لەماڵوێرانیی گەلانی عێراق بەگشتیی و کورد بەتایبەتیی شتێکی ئەوتۆی لێ نەچنراوەتەوە. بۆ جێکەوتکردنی فرەکولتووریزم، پێویستە بزانرێت چۆن ستراکتۆری کۆمەڵایەتیی و فرەکولتووریی لەم شارەدا، جیاوازییە کولتووریی و سیاسییەکان رادەگرێ و تاکەکانی ئەم کولتوورە جیاوازانە پێکەوە هەڵدەکەن و ژیان بە ئاسوودەیی بەسەر دەبەن( Wekker 1998)؟

**شۆڤینیزمی عەرەبیی و کوردیی و تورکمانیی: بکوژانی پێکەوەژیانیی**

ناسیۆنالیزمی عەرەبیی لەترۆپکیەوە کە دەکرێ بڵێین لە جەمال عەبدولناسر وعروبەییەکانەوە بیگرە بەگشتیی و بەعسییەکان ( بە هەردوو ڤێرژنی ئەسەدیی و سەدامییەوە) بەتایبەتیی وێرای کەڵکوەرگرتن لە سێکیۆلاریزم، لە ئیسلامی سیاسیی ، لە ژێرخانی عەشایەریی و کۆنسێرڤەتیزمی کۆمەڵگەی عەرەبیی، تەواوی پرۆژە سیاسیی و ئایدیۆلۆژییەکانیان جگە لە داڕمانی بونیادی تاکی عەرەب و کۆمەڵگەی عەرەبیی و سیستمی ژیانی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و کولتووریی، پێناچێت قازانجێکیان بۆ گەلانی عەرەب هەبووبێ. بۆیە دەستگرتن بە پرۆژەی پانعەرەبیزم و عروبەی عێراقیی و عروبەی کەرکوک و بەرنامە شۆڤینیستییەکانی بەعس لەلایەن عەرەبەکانی

کەرکوک و عەرەبی عێراقەوە گەڕانەوەیەکی تیژتێپەڕە بۆ دواوە و نەخشەسازییە بۆ قەبارەی کارەساتی گەورەتر لەداهاتوودا.

یەکێ لەو کارەساتە سیاسیی و ئایدیۆلۆژییانەی لە هزری ئێسنۆناسیۆنالیستە عەرەبییەکاندا کەوتووە، خڵتەوخاشی بەرنامەی بەعس و ئایدیۆلۆژیای ئێسنۆناسیۆنالیستیی حیزبی بەعسە. ئەم حیزبە بەفەرمیی 35 ساڵ دەسەڵاتی لەعێراقدا بەدەستەوە بوو ، پێش دەستگرتن بەدەسەڵاتیشەوە ئامادەگیی کولتووریی و سیاسیی زۆری هەبوو لەنێوەندە عێراقیی و کایە عەرەبییەکاندا. لە بیروباوەڕە سیاسییەکانی حیزبی بەعسدا،لە بەندی یەکەمی دەستوری حیزبدا( یەکێتیی نەتەوەی عەرەب و سەربەخۆیی ) دا لە خاڵی سێدا هاتووە" الوطن العربي للعرب، ولهم وحدهم حق التصرف بشؤونه وثرواته وتوجيه مقدراته" واتە نیشتمانی عەرەب بۆ عەرەبە، بەتەنها خۆیان مافی هەڵسوکەوتکردن بە کاروبارو سامان وتوانستەکانیانەوە هەیە". لەکاتێکدا کورد و دارفۆرییەکان و بەربەرییەکان...تاد لە وڵاتانی عەرەبییدا دەژین ، هیچ مافێکیان نییە. هەمان دەستور، لەماددەی 10 ی بیروباوەڕە گشتییەکاندا پێیوایە هەرکەس لەسەر خاکی نیشتمانی عەرەب بژیت ، دەبێت عەرەب بێت.

بەرنامەی بەعس چەندین خاڵی تێدایە، کە دەرهەق بەگەلانی ناعەرەب، هەموو سنوورەکانی نازیزم و فاشیزم و دیکتاتۆرییەتی بۆڵشەفیزمی سۆڤێتیی تێپەڕاندووە. هەر ئەم ئێسنۆناسیۆنالیزمی عەرەبییە بوو کە بەعسی بەسەر گەلانی عێراقەوە بەگشتیی و کورد بەتایبەتیی بە دێوەزمە کرد کە پەنا بۆ گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی کوردەکان و پاکتاوی نەژادیی و بەکارهێنانی چەکی کیمیاویی و کەمپەینی ئەنفال بەرێت. زۆر گرینگە بۆ عەرەب بەگشتیی و عەرەبەکانی کەرکوک بەتایبەتیی خۆیان لەو هەموو شۆڤینیزمە ئایدیۆلۆژیی و فاشیزمە ئێسنیکییەی بەعس بتەکێنن و چاوێک لە دنیای پێکەوەژیان و دیمۆکراسیی و شارستانییەتی مرۆڤایەتیی بکەن و بیر لەپێکەوەژیانێکی مۆدێرنانەو سەردەمییانە بکەنەوە. ئەوەی کە عێراقی وێران کرد و لەدەوڵەمەندترین وڵاتانی دنیاوە کردوویەتی بە هەژارترین و وێرانترین وڵات، پانعەرەبیزم و ئێسنۆشۆڤینیزمی بەعس بوو، نەک ئەمێریکا و رۆژئاواو ئێران و زایۆنیزم و کورد و شیعە بووبێتن.

لەسەردەمی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمەوە بە شێوە تیۆریی و پراکتیکییەکەی، ناسیۆنالیزمی عەرەبیی بیانووی بەگژداچوونەوی ئیمپیریالیزم و نۆکەرانی بەزەخیرەیەکی سەرەکیی مانیفێست و پراکتیکی خەباتەکەی دانابوو. لە 1948 یشەوە زایۆنیزمی هاتووەتە سەرو ئەوە پتر لەسەت ساڵە ئەم ئێسنۆناسیۆنالیزمە عەرەبییە ئەوەندەی خەریکی سەرکوتکردنی گەلانی دراوسێی عەرەب بووە، بەهیچ شێوەیەک خەریکی بەدیهێنانی دروشمە زل و بێناوەڕۆکە ئێسنۆناسیۆنالیستەکانی خۆی نەبووە. سەرکوتکردنی کوردەکان لەعێراق و لەسوریا، بەربەرییەکان لە وڵاتانی رۆژئاوای عەرەبیی و دارفۆرییەکان لە سوودان ........تاد ماکی شۆڤینیزم و ئێسنۆناسیۆنالیزمی پانعەرەبیزم بووە.

لەکاتێکدا بریتانیا حکومەتێکی ئێسنۆکراسیی عەرەبیی دامەزراند. دواتریش حکومەتە کۆمارییەکانی عێراق، حکومەتی ئیسنۆکراسیی عەرەبییان بەسەر گەلانی عێراقدا سەپاند و لەناو ئەو حکومەتە ئیسنۆکراسییانەشدا تایەفەی سوننەی عەرەب پشکی شێری لە پۆستە هەستیارەکان و باڵاکانی حکومەتدا بەدەستەوە بوو، کەمینەی کورد لەعێراقدا پەراوێز خرابوو. بە سروشتییش هەموو حکومەتە ئیسنۆکراسییەکان سیستمێکی نادیموکراتیی و دژی ئازادیی و دژی مافی مرۆڤ، بەڕێوەیان دەبات. بەڵام لەدوای 2003 ەوە کورد دەبێ زۆر وریا بێت لەوەی رووی دووەمی هەمان شمشێر بە ستایڵێکی تر و لەزەمانێکی تردا پیشانی عەرەبەکان و تورکمانەکان و کریستیانەکانی کەرکوک نەداتەوە.

بەبڕوای van den Berghe ، ئەنسرۆپۆلۆجیستێکی وەک فرانز باووس Baos بڕوای وایە کە ئەنسرۆپۆلۆجیستەکان دەبێ لە لێکۆڵینەوەی مەیدانییدا بەگژ ئیسنۆسێنتریزمدا ethnocentrism بچنەوە( van den Berghe1981 ). چونکە ئێسنۆسێنتریزم مرۆڤەکانی ئێسنیکێک دەکات بە تۆپەڵێک لە بورکان و ئاگر لەبەرامبەر ئێسنیکە جیاوازەکانی تردا و رق و بوغز و کینە بەرامبەر یەک هەڵدەڕێژن و سەرەنجامیش بەرەو خوێنڕشتن و کوشتارگا هەنگاو دەنێ. ئەوە راستە لە عێراق و هەرێمی کوردستان و هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەنسرۆپۆلۆجیستەکان زۆر زۆر کەمن، یان هەر نین، ئەمەش وایکردووە سیاسەت هەر بەشێوە کلاسیکییەکەو بەڤێرژنی ئێسنۆناسیۆنالیستیی رەهەندەکان تەی بکات و لێکیان بداتەوە. بەبڕوای ئەم توێژینەوەیە ئەو دژایەتییە توندەی ئێسنۆناسیۆنالیزمی عەرەبیی و تورکمانیی دژ بە داوا سیاسیی و کولتوورییەکانی کورد نیشانی دەدەن پاشماوەی کولتووری بەعسیزم و کولتووری سیاسیی ئیتیحاد و تەرەقیی تورکیایە لە ناو ئێسنۆناسیۆنالیزمی عەربیی و تورکمانییدا گەرایەکی زۆری خستووە.

هەرچی پێوەندە بەئێسنۆناسیۆنالیزمی کوردییەوە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، ناسیۆنالیزمی سیڤیک و ناسیۆنالیزمی لیبراڵیی کورد بەڕادەیەکی ئەوەندە خراپ دابەزیوە، خەریکە بەتەواویی لەدەواری خێڵ و عەشیرەت کۆببێتەوە. رابەرایەتیی ئەم ئێسنۆناسیۆنالیزمەش لەدەسەڵاتی چەند بنەماڵەیەکدا مۆنۆپۆلکراوەو ئیرادەی سیاسیی گەلی کوردستان بەلاڕێدابراوە یان چەپێنراوە. بەڵام لەهەمبەر کەرکوکدا، ئیسنۆناسیۆنالیزمی کوردیی نموونەیەکی خراپتر و سەرەڕۆتری بەدەستەوە داوە. وێڕای ئێسنۆسێنتریزمی کوردیی و ئێسنۆناسیۆنالیزمی کوردیی جۆرێک لە هوولیگانیزمی ( گوندەیی- hooliganism ) ئیسنۆسێنتریزمی پیشانی نەتەوەو ئێسنیکە جیاوازەکانی کەرکوک داوە. کار گەیشتووە بەشوێنێک بەشێکی عەرەب و تورکمانی کەرکوک دژایەتی ماددەی 140 دەکەن، لەبەر ئەوەی ئیدارەی کوردیی و میلیشیای کوردیی و هوولیگانیزمی ئێسنۆسێنتریزمی کوردیی خراپترین دیسکۆرس و ئەدای سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتییان لە 2003 ەوە پیشانیان دا. هاوکات گرینگە

ئەوەش بگوترێ کە بەشێکی زۆری ئێسنۆناسیۆنالیزمی عەرەبیی و تورکمانیی لەکەرکوکدا لەلایەن دەوڵەتەکانی ناوچەکەوە هاندەدرێن .

سامناکترین جۆری ئێسنۆسێنتریزم و ئێسنۆناسیۆنالیزم ئەوەیە لە بیر و ئەندێشەی تاکەوە بۆ ناو جڤاك و بزوتنەوە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان بپەڕێتەوە. بۆ نموونە کەسێکی وەک تاڵەبانیی بە پیاوێکی پراگماتیی و واقیعیی ناسراوەو لەماوەی چوار ساڵی رابردوودا سەرۆکی عێراق بووە. کەسێکی وەک سیستانیی بە" زامن" ی عێراق دەیچوێنێ و لەناولایەنە سیاسییەکانی عێراق و عەرەبیی و هەرێمیی و جیهانییشدا بەپیاوێکی گونجاو و سەرکەوتوو دەناسرێ، کەچیی لە دوای هەڵبژاردنەکەی 3/7 ی 2010 ەوە ، بۆ تێرکردنی حەز و خولیای ئایدیۆلۆژیی حیزبەکەی بە دەق دەڵێ" سەرکەوتنمان لەکەرکوک سەرکەوتنی کوردایەتی و کوردستانیبوونی کەرکوک بوو.." کوردستانی نوێش وەک تایتڵی سەرەکیی کوردستانی نوێی ژمارە 5129 ی رۆژی 2010/03/19 بڵاوی دەکاتەوە. لە کاتێکدا ئەوانەی کورد پێیان دەڵێ شۆڤینیستن لەچەشنی موتڵەگ و نجێفییەکان لەهەڵبژاردنەکاندا نەچوون دروشمی عروبە و پانعەرەبیزم بەزەقیی بڵێن، چونکە لای کەم دەزانن لەڕای گشتییدا سەردەمی بەسەرچووە.

لێرەدا ئێسنیکبوونی کورد بخرێتە لاوەو کوردێک خۆی لەبری عەرەبێک یان تورکمانێکی کەرکوک دابنێ و ئەو دروشم و حەماسەی سەرۆکی عێراق لەدیدی ئەنسرۆپۆلۆجیی و کولتووریی و سیاسییەوە شیبکاتەوە! چەند کارەساتە ئەگەر کوردێک گوێی لە دروشمی سەرکردەیەکی عێراقیی بێت، عروبەی سەردەمی " حەرەس قەومییەکان و بەعسیزم" بڵێتەوە؟ چەند کارەساتە کورد بیت و گوێت لە سەرکردەیەکی تورکمانەکانی عێراق بێت و دروشمەکانی کەمال ئەتاتۆرک " چەند شیرینە تورک بیت" بڵێتەوە؟ ئەو سەرکردە عەرەبە یان تورکمانەش بڕیار بێت پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق وەربگرێ! ئەم وردەکارییانە تەنها لەڕووی سۆسیۆکولتووریی و ئەنسرۆپۆلۆجییەوە مافی تەواوی دەدرێتی و تێگەیشتن لێی ئاسان دەبێ، نەک لەڕووە سیاسییە ئایدیۆلۆژییەکەیەوە. بەدڵنیاییشەوە تاڵەبانیی هەرگیز ئامادە نییە ئەو دەربڕینە بەعەرەبیی یان بەئینگلیزیی بڵێ. یەکێک لەدووالیزمی سەرکردە کوردەکان ئەوەیە، ئەوەی بە کوردیە خۆماڵییەکە دەیڵێن، نایانەوێ بە زمانەکانی تر بیڵێن، تەنانەت کاتێک میدیا حیزبییەکان بۆیان وەردەگێڕن، لە ناوەڕۆکی تێرمۆنۆلۆجییە کوردییەکە دوور دەکەونەوە. بەبڕوای ئەم نووسینە تاڵەبانیی خۆی قەناعەتی سیاسیی بەو دەربڕینانە نییە، بەڵام بۆ بازاڕگەرمیی و فەخفەخەی سیاسیی دەیکات.

دیارە بەڕاستیی جێگەی ناسۆرییە کە هەندێک لەسەرکردەکانی کورد، لە دوایین هەڵبژاردنی عێراقدا وەک حەماسی سەردەمی میلیشیایی، کۆمەڵێ دروشمیان دەگوتەوە کە جگە لەرەگەزپەرستیی کوردیی لە دیدی کولتوورییەوە هیچ شتێکی تر هەڵناگرێ. گومانی تێدا نییە کە بیرۆکەی کوردایەتیی ئیلهامەکەی لە عروبەو پانعەرەبیزمەوە وەرگیراوە، جۆرێک لەپەرچەکرداری

ئایدیۆلۆژیی و سیاسیی و کولتوورییە لەهەمبەر ئێسنۆناسیۆنالیزمی عەرەبییدا. هەروەک چۆن سەعدەدەین ئیبراهیم کە سکۆلارێکی میسرییە لەزانکۆی ئەمێریکیی لەقاهیرە، پێیوایە کە گەشەکردن و کەوتنەسەرپێی ناسیۆنالیزمی عەرەبیی بەئیلهاموەرگرتن لە پانتۆرانییەوە بووە( Ibrahim 1998 ). بەدڵنیاییشەوە سکۆلارو سیاسیی و ئەفەندییەکانی کورد بەئیلهاموەرگرتن لەپانعەرەبیزم و تێزی عروبەوە، پانکوردیزم و تێزی کوردایەتییان هێنایە ناو ئەدەب و سیاسەت و کولتووری کوردییەوە. لە ژێر گوشاری فیکریی و سیاسیی وکولتووری کوردایەتییدا تا هەنووکەش بەشێکی زۆری سیاسییەکانی کورد خۆیان لەو راستییە تاڵە دەشارنەوە، کە کێشەی کەرکوک بەس کێشەی کورد و نەتەوەی کوردی کوردستانی عێراق نییە، بەڵکو کێشەی عەرەبی کەرکوک ( بەڕەسەن و هاوردەیەوە ) و تورکمانی کەرکوک و هەموو پێکهاتەکانی ترن. ئەوە جگە لەوەی هەندێ ئێسنۆناسیۆنالیستی کورد زیاتریش دەڕۆن و کێشەی کەرکوک دەکەن بە کێشەی کۆمیدیای" کوردستانییان!!" ی هەموو پارچەکانی تری کوردستان.

بەهەمانشێوەش شۆڤینیزمی کوردیی و بیری رەگەزپەرستانەی کوردایەتیی و پانکوردیزم، مرۆڤی کورد و بیری ناسیۆنالیزمی سیڤیکی کوردیی و گیانی نیشتمانیی و رۆحی هاوڵاتییبوونی کورد لەگیانی تاکی کورد دەردەکات و دەیکات بەدرنجێک کە رێکوڕەوان نەک هەر لەسەروگوێلاکدا بەڵکو لەناوەڕۆکیشدا برای شیرینیی پانعەرەبیزم و عروبە و ئەجێنداکانی بێت. ئەوە لەوە گەڕێین ئایا بزوتنەوەی چەکداریی و میلیشیای کورد هەرگیز خاوەن رەهەندێکی ناسیۆنالیستیی سیڤیک و نیشتمانیی بووە یان نا، بەڵکو مەبەستی سەرەکیی ئەم باسە لە هەنووکەدا لەسەر رەهەندە سیاسیی و کولتوورییەکانی پانکوردیزم و شۆڤینیزمی کوردایەتییە بەبەراورد بە عروبەو پانعەرەبیزم و پانتۆرانیزم.

**شۆڤینیزمی تورکمانیی:**

لەناو تورکمانەکانی کەرکوکدا چەندین رەوتی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیی جیاواز هەن، بەڵام سامناکترین ئەو رەهەندە ئایدیۆلۆژییانە خۆی لە جۆرێک شۆڤینیزمدا دەبینێتەوە کە رقی لە نەتەوەی کورد و ئێسنیکی کوردە. کورد بە لادێیی دەزانن و خۆیان بەخاوەن ماڵ دەزانن و پێیانوایە کە ئەوە کوردە کەرکوکی داگیرکردووە. چاویان لەئاست هەموو کەمپەینەکانی تەعریبکردن و سیاسەتی نیشتەجێکردنی ( الاستیطان) عەرەب، پاکتاوی نەژادیی کوردەکان و گۆڕینی دێمۆگرافیای شاری کەرکوک دادەخەن و بۆ بردنەپێشەوەی سیاسەت و ئەجێنداکانیان سوود لەهەندێ دەسگای موخابەراتیی ناوچەکە و جەنتای سەربازیی تورکیا وەردەگرن. لەهەمووی ناخۆشتر، شۆڤینیزمی تورکمانیی و عەرەبیی، بەخەیاڵی ئایدیۆلۆژیی خۆیان، پێکەوە سەنگەریان لەشۆڤینیزمی کوردیی گرتووە. بەڵام بەداخەوە دژایەتیی ئێسنیکی کورد دەکەن، لەڕاستییشدا دژایەتی داوا رەواکانی گەلی کورد لەکوردستانی عێراقدا دەکەن. هەروەک چۆن کوردایەتیی و عروبە دووانەی یەک ئایدیۆلۆژیای

ئێسنۆناسیۆنالیزمن. شۆڤینیزمی تورکمانییش درێژکراوەی ئایدیۆلۆژیای ئیتیحادو تەرەقییە ، بەهەمان میتۆدی پانتۆرانیزمی کەمالیستەکان بیردەکەنەوە.

## شاری کەرکوک شارێکی کوردستانیی نییە:

هەر ئەم سەبتایتڵە فوارەی خوێنی کوردایەتیی و قوڵپی پانکوردیزم و کوردستانییانی نەژادپەرست پەمپ دەدات و دەیکوڵێنێ. بەڵام مرۆڤی ئەنسرۆپۆلۆجیست و سیاسیی مۆدێرن ئەگەر بەڕاشنالیزمی سیاسیی و دیدی کولتووریی و مۆدێرنیزمەوە سەیری چەمکی کوردستانییبوونی کەرکوک بکات، زۆر بە ئاسانیی هەڵەی سیاسیی و جیۆگرافیی و کولتووریی ئەوە دەدۆزێتەوە کە کەرکوک شارێکی کوردستانیی نییە بەڵکو شارێکی کوردستانی عێراقە لە چوارچێوەی دەوڵەتی هەنووکەی عێراقدا ئۆقرەی گرتووە. شارێکی کوردستانیی نییە! بەڵکو شارێکی هەرێمی کوردستانی عێراقە، مەغزای سیاسیی قووڵ و رەهەندی کولتووریی قووڵی ناوێ بۆ تێگەیشتن بەڵکو راشنالیزمی سیاسیی و شارەزایی کولتووریی دەوێ.

بۆچیی کوردستانیی نییە بەڵکو شارێکی هەرێمی کوردستانە؟ چونکە کوردستان بەپارچەپارچەیی و بە جیۆگرافیای (کوردستانی گەورە) شەوە پێناسەیەکی سیاسیی و نۆرمێکی نێودەوڵەتیی و ددانپانراوی نییە. ئەوەی دەڵێ کوردستان وڵاتی کوردانە، مەغریب و مەشریقەکەی پرگالکێش دەکات، فانتەسییەکی سیاسیی و ئەفسانەیەکی ئایدیۆلۆژیی لەسەریدایەو لەسەر مەحەکی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دنیای مۆدێرن وردوخاش دەبێ و بەرگەی یەک ئارگیومێنتی لۆژیک و راشنالیزمی سیاسیی ناگرێ. خاکی کوردەکان سەدان ساڵە دابەشکراوەو هەر پارچەیەکی کەوتووەتە وڵاتێکەو ئەو پارچانەش دواتر لەسەدەی نۆزدەو سەرەتای بیستدا پارچەپارچەکراونەتەوە. گرینگە جەخت لەوە بکرێتەوە **کەرکوک شارێکی کوردستانییە**، بەڵام تەنیا وەک هەرێمی کوردستانی عێراق نەک وەک وەهمی کوردستانی گەورە.

بیرکردنەوە لە بەیەکەوەلکاندنی ئەوپارچانە و کردنی بەدروشمی سیاسیی خۆهەڵخەڵەتاندن و خواردنەوەی نەدانیی سیاسیی و ئەفسانەی ئایدیۆلۆژییە. دابەشکردنی کوردستانەکان بەرهەمی هەرەسهێنانی دەوڵەتی عوسمانیی و شەڕی یەکەمی جیهانییەو یەکگرتنەوەیان بەخەون وخەیاڵی شۆڤینیزمی کوردیی و پانکوردیزمی تاراوگە و کوردستانییە قسە بێ باجەکان نابێت. ئەم کوردستانییبوون و کوردایەتیی و کوردستانی گەورەیە وەک پرۆژە فاشیلەکەی سەدام حوسێن و عەلی عەبدوڵا ساڵحی یەمەن و مەلیک حوسێنی ئوردن و حوسنی موبارەکی میسر وایە، چۆن شۆڤینیزمی عەرەبیی و نەتەوەپەرستیی عەرەبیی و دنیای عەرەبیی و ئەمجادەکانی ئوممەی عەرەبیی لۆژیکی تێدا نەهێشتبوون و خەڵکی وڵاتەکانیشیان لەوپەڕی هەژاریی و بێ ژیانیی و بێ ئازادیی و بێ دیمۆکراسیی و بێ مافی مرۆڤییدا دەژیان.

میللەتی کورد بەم هەموو دابەشبوونە سیاسیی و جیۆگرافیی و کولتوورییەیەوە بەگشتیی و لەکوردستانی عێراقدا بەتایبەتیی ، ئەوە دابەشبوونی زمانییشی هاتووەتە سەر و باڵاخانەی چەمکی نەتەوە- دەوڵەتی کورد ( وەک یەک نەتەوە ) بۆ هەتا هەتایە دەڕۆخێنێ و کورد بە سروشتیی دەکات بە کورد و کرمانجیی و هەورامیی و زازایی ....تاد. هیچ ئارگیومێنتێک ناتوانێ ئەوە پشتڕاست بکاتەوە کە کوردی پارچە پارچە ، وڵاتەکەی جیاواز بێت، خاکەکەی جیاواز بێت لەهەموویشی گرنگتر گەلی کورد لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستانی عێراقدا زمانەکەیان جیاواز بێت و یەک ئێسنیکیی و یەک خاکیی و یەک یادەوەریی لەئاستی کوردستانی گەورەدا هەمووی بەئاردی ناو درك دەبێت. لەم دیدەوەیە کە گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمێکی دیسێنترالێزەکراوی وەک هەرێمی کوردستان، ئەوەندە کارێکی ئاسان نییە کە بەعاتیفەو دروشمی بەردەم کامێراکان و کۆنگرە رۆژنامەوانییەکانی سەرکردە سیاسییەکان بەهاری گەڕانەوەی کەرکوکیان تا ئەژنۆ هێناوە.

مەسەلەی کەرکوک پێش هەموو شتێک دەبێ لەنێوان پێکهاتەکانی خەڵکی کەرکوک خۆیدا چارەسەر بکرێ. بەحوکمی پێوەندیی مێژوویی ، سیاسیی و کولتووریی، کوردی کوردستانی عێراق و عەرەبی عێراق و تورکمانی عێراق و کریستیانی عێراق دەبێ هەوڵی چارەسەرکردنی بدەن. هەرچەندە دەوڵەتانی دراوسێی عێراق و ئەمێریکا و رۆژئاوا کەم تا زۆر دەخالەت لە کەرکوک و عێراق و ناوچەکەدا دەکەن، بەڵام لەواقیعدا چۆن عەرەبی سوریا و ئوردن و میسر و شوێنەکانی تر نابێت و بۆیان نییە دەخالەت لەکەرکوکدا بکەن، چۆن نابێت تورکمانستان و تورکیا و ئازەربایجان دەخالەت بکەن ، بەهەمان پێوەری سیاسیی و جیۆگرافییش نابێت کوردی پارچەکانی تری کوردستان دەخالەت لەمەسەلەی کەرکوکدا بکەن و چەمکی هەرزەیی و کوڕوکاڵی کوردستانییان بەدەردی کێشەی کەرکوک ناخوات و جگە لە پێوەرو نۆرمە نێودەوڵەتییەکان و یاسای نێودەوڵەتیی، لەڕووی ناسیۆنالیزمی سیڤیکیشەوە، پانکوردیزم و کوردستانییان رەهەندێکی کوێرانەی رەگەزپەرستیی و ئێسنۆناسیۆنالیستییەو بەتەوێلی کوردە ناشیرینەو دەبێ سنووری بۆ دابنرێ.

بەزۆر پێودانگی سیاسیی و مێژوویی و کولتووریی، کەرکوک وەک بەشێکی کوردستانی عێراق کەوتووەتە بەر هەڵمەت و کەمپەینی تەعریب و تەرحیل و تەبعیس و تەهجیرەوە. پاش رووخاندنی بەعس و باڵادەستبوونی هێزە کوردییەکانی وەک یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتیی دیموکراتی کوردستان، کوردەکان دەیانەوێ هێجەمۆنی کوردیی بەسەر ئەوشارەدا بسەپێننەوە یان لای کەم هاوکێشەکان وەک خۆیان لێبکەنەوە. لەم نێوەندەشدا ساڵی 1957 وەک دوا ساڵی پادشایەتیی بەتیشکۆی سەرەداوەکان و رووداوە خوێناوییەکان و خاڵی وەرچەرخانە ستراتیژییەکان دانراوە.

لایەنی کوردیی لەڕێی ماددەی 140 ی دەستوری عێراقەوە کە تایبەتە بەگەڕانەوەی ئەو ناوچانەی لە پارێزگا سەرەکییەکانی خۆیان دابڕاون( بۆ هەندێک لە پارێزگاکانی عێراق) بگەڕێندرێنەوە سەریان و دواتر پاش ئامار و ئەژمار ریفراندۆمێک ساغی بکاتەوە کە خەڵکی شارەکە بەئاراستەی

دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا دەڕۆن یان بۆلای هەرێمی کوردستان، یان شارەکانی پێشوویان دەگەڕێنەوە . دیارە ماددەی 140 بۆ ناوچە شیعەنیشنەکانیشە، بەڵام بۆ ئەوان ئەوەندە سەختیی تێدا نییە. یەکێک لەو چەمکە ستراتیژییانەی بەهەڵە لێکدەدرێتەوە لەلایەنی کوردییەوە، هەڵەی نەدانیی سیاسیی و ئایدیۆلۆژییە. حیساب بۆ لایەنە کولتووریی و سیاسیی و ئایدیۆلۆژییەکانی لایەنەکانی بەرامبەر ناکەن.

کورد دەڵێ کەرکوک کوردستانییە و شارێکی کوردستانییە، لێرەدا فەنکشن و مەودای کوردستانیی لەچوارچێوە لۆکاڵییەکە تێپەڕ دەکات و رەهەندێکی هەرێمیی ( 4 وڵاتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ) دەگرێت. بەڵام ئەگەر بگوترێ، کەرکوک جیۆگرافییەکەی و ناوچەکەی و زۆربەی خەڵکەکەی سەربە هەرێمی کوردستانی عێراقە، مەگەر دروستتر و ژیرانەتر و عەقڵانییتریش نییە! چارەسەری کێشە ئاڵۆزو قەیرانە ناوخۆیی و هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکان هەر بە میزاج و حەزو خولیای لایەک نابێت. بەڵکو دەبێ سەرجەم نەتەوەو ئێسنیک و ئایین و کولتووری خەڵکە جیاوازەکانی ئەو دەڤەرە بەشدارییان تێدا بکات. تەنانەت ئەگەر بە زەبری دیمۆکراسیی و هەڵبژاردن و ریفراندۆمیش بێت ، نابێ لایەنەکانی بەرامبەر بەرکەنار بخرێن.

ئاخر ناکرێ کەرکوک ئایدێنتیتیی کوردستانییبوونی لێبدرێت، لەکاتێکدا ، کورد دادوبێدادییەتی لەدەست شۆڤینیزمی پانعەرەبیی و پانتۆرانیی، کە خۆیان بە شەپۆلی ئێسنۆناسیۆنالیزمی عەرەبیی و تورکییەوە دەبەستنەوە، کەچیی کورد خۆی چ بەئاگایی بێت و چ بەنائاگایی بێت خۆی بەشەپۆلی پانکوردیزم و کوردایەتیی و کەفوکوڵی کوردستانییان و کوردە ئێسنۆناسیۆنالیستەکانەوە بەستووەتەوە. باشە عەرەبێک، تورکمانێک، کریستیانێک، ئەرمەنییەکی کەرکوکیی چۆن لەرەهەندی کولتووریی ئەو کوردستانییبوونەی کەرکوک خۆشدەبن کە سەدان هەزارجار وتراوەو نووسراوە و میدیای حیزبیی فووی پێدا دەکەن. ئەی ئەگەر بۆعەرەبەکان و تورکمان و مەسیحییەکان ساغبکرێتەوە کە کەرکوک شارێکی کوردستانیی نییە بەمانا شمولییەکەی، بەڵکو شارێکی کوردستانییە( لەئاستی کوردستانی عێراقدا ) و دەکەوێتە چوارچێوەی هەرێمی کوردستانی عێراقەوەو بەشێکیشە لە عێراق، چەند هێمنتر و سیاسییترو لۆژیکییتر و پراگماتییتر و دیپلۆماسییترە؟

**دەرکردنی عەرەبە هاوردەکان، تا چەند مرۆیی و واقیعییە!**

لەمێژووی گەلانی دەوروبەری عێراقدا، کۆمەڵێ نموونەی کۆچکردن و داگیرکاریی و دەستبەسەردا گرتنەوەی شارەکان و ناوچەکان و وڵاتەکان روویان داوە کە دەکرێ وردبوونە لێیان خزمەت بە چارەسەری دۆزی کەرکوک بکەن. هەریەک لە جووەکان و عەرەبەکان داوای خاوەندارییەتی وڵاتی کەنعانییەکان دەکەن. لەڕووی مێژووییەوە نەوەکانی داوودی پێغەمبەر و بنەچەی جوولەکەکان لە پێش عەرەبدا بەهەزاران ساڵ لەوێدا ژیاون ، بەڵام بەهۆی ئاڵوگۆڕی مێژوویی و باڵادەستیی عەرەب

و ئیسلامەوە، ئەوەی  بە وڵاتی ئیسرائیل ناسراوە و خەڵکەکەی کەوتە ژێر قەڵەمڕەویی عەرەب و ئیسلامەوەو لەسەردەمی ( عومەری کوڕی خەتاب) یشدا ناوی بۆ قودس گۆڕدرا. لە ساڵی 1948 ەیشەوە بەهۆی بریتانییەکانەوە دەوڵەتی ئیسرائیل دروستکرا. هەتا دنیا دنیایە ئەگەر عەرەبەکان و ئیسرائیلییەکان ( جووەکان) لە کوشتن و بڕینی یەکتر بەردەوام بن، چارەسەری کێشەی فەلەستین ناکرێ ئەگەر بەئاشتەوایی و داشکاندنی هەردوولایان بۆ یەکتری نەبێ و وڵاتی ئیسرائیل و فەلەستین ، پایتەختی ئورشەلیمیش بۆ هەردوولایان نەبێ.

بەهەمان شێوەش شاری ئیستەنبووڵ، رۆژگارێک بوو گریکەکان قەڵەمڕەوی زۆر ناوچەیان دەکرد، شاری ئیستەنبووڵیش شوێنێکی ستراتیژیی گریکەکان بوو ، ئایا لۆژیکە بۆ گریکەکان هەنووکە  بڵێن شاری ئیستەنبووڵ شارێکی یۆنانییە؟ یان شارێکە تورکەکان زەوتیان کردووە؟ کەرکوکیش بەهەمان شێوە نەعەرەب نەتورکمان و نە کورد ناتوانێ بڵێ شارێکە سەر بەیەک *نەتەوەی* دیارییکراوە. چۆن هەندێ مێژوونووسی کورد دەگەڕێنەوە بۆ سەر مێژوویەکی زۆر کۆنی باڵادەستیی کوردەکان، بەهەمان میتۆدیش بەسەرچاوەی وردیشەوە تورکمانەکان لەمێژوویەکی نزیکتردا و عەرەبەکانیش لەمێژوویەکی دوورتردا ئەوە دەکەن. بەڵام ئەم شەڕی ساغکردنەوەی مێژوویە کۆتایی پێ نایات و مێژوونووسەکان ناتوانن تەواوی بکەن و ئەنسرۆپۆلۆجیستەکان خۆیانی لێدەدەن، یان وەک ئەوەی هوستن باسی دەکات کە مێژوونووسەکان دەقوچێنن و ئەنسرۆپۆلۆجیستەکان چارەسەری بۆ دەدۆزنەوە( Houston 2008 ). دەکرێ هەر بەم دیدە کولتوورییەوە بگوترێ تا هەنووکە سیاسییە عێراقییەکان و مێژوونووسەکانی کورد و عەرەب و تورکمان، لە چارەسەرکردنی مەسەلەی کەرکوکدا لەڕووە سیاسیی و کولتووریی و ئایدیۆلۆژییەکەیەوە شکستیان هێناوە.

لە دیدی لیبڕالیزم و  یاسای نێودەوڵەتیی و مافی مرۆڤ و  چەمکی هاوڵاتیبوون لە شارێکدا یان لە وڵاتێکدا ئەگەر کۆمەڵی کولتووری جیاواز و نەتەوەو ئێسنیکی جیاوازی تێدابێت، پێویستە ئایدێنتیتییەکی یەکانگیر پەیدابکرێ  بۆ ئەوەی  ئەو ئایدێنتیتییەش مەیلی ( inclination ) دەسەڵات و دەوڵەتی مودێرن بەرەو ئەو ئەرکە بەرێت کە  هاوڵاتیبوونێکی هۆمۆجینییەس( چوونیەک) بۆ پێکهاتە جیاوازەکان دەستەبەر بکات(Hobsbawm, 1995 ). گەڕانەوەی کەرکوک بەم بارودۆخە کولتووریی و سیاسییەی هەنووکەیەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، پرۆسێسی هەڵاواردنی segregation نەتەوەو ئێسنیکە جیاوازەکان خێراترو مەودا فراوانتر دەکات. بۆ ئەوەی کەرکوک شارێکی پێکەوەگونجان بێت و کەفوکوڵ و رق و کینەی ناسیۆنالیستیی و ئێسنیکیی و مەزهەبیی خاو بێتەوە پێویستە پێش هەموو شتێ خۆی لەخۆیدا بە پرۆسێسی خۆگۆڕین و تواندنەوەدا assimilations بڕوات. کاتێک ئێسنیک و نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانی کەرکوک لە بۆتەی هاوڵاتیبوون و کەرکوکیبووندا توانەوەو ئینتیمای گشتییان بۆ شارەکە بێت،  ئەوسا بەدڵنیاییەوە رق و تووڕەیی و هەڵچوونیش دادەمرکێتەوە.

باشتره کورد دەستبەرداری دەرکردنی عەرەبە هاوردەکان بێت و لەبەرامبەردا گەرەنتیی سیاسیی و کولتووریی و ئابووریی زیاتر وەربگرێت. بۆ ئەوەی چەمکی هاوڵاتیبوون و هاونیشتمانیبوون بە کرایتێریا لیبراڵییەکەی جێکەوت بکرێ، باشتره لە شارێکدا جێکەوت بکرێ وەک لەوەی لەهەرێمێکی بەرفراوانتردا بیری لێبکرێتەوە. دەکرێ هەرێمی سەربەخۆی کەرکوک بکرێ بەسەرمەشقێ بۆ تاقیکردنەوەی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نەتەوەو ئێسنیکە جیاوازەکان. هەنگاونان بەرەو هەرێمێ سەربەخۆی کەرکوک بەواتای دیسێنترەلایزی هەرێمی کوردستانی ئێستا نییە. بەڵکو بەواتای دابینکردنی دووهەرێمی سەربەخۆیە لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا کە زۆرینەی هەردوو هەرێمەکە کورد دەبن. بەڵام بەو مەرجەی سنووری جیۆگرافیای کەرکوک وەک پەنجاکانی سەدەی رابردووی لێبێتەوەو قەزاو ناحییەکانی بگەڕێنەوە. ئەوسا لەبری فانتەسیی کوردستانی گەورەو چوارپارچەی کوردستان، کوردەکانی عێراق بەخاوەنی دووهەرێمی نیمچە سەربەخۆ دەبن و زۆرینەی دانیشتوانیش کورد دەبن.

## کێشەی ئێسنیکیی لە سێ قوتابخانەی تیۆرییدا:

قوتابخانەی کۆن( primordialist)

ئەم قوتابخانە فیکرییە پێیوایە کە مرۆڤەکان مەیلی ئێسنیکیی و ناسیۆنالیستییان تێدایە چونکە لەبنەڕەتەوە و لە ڕووی ترادیسیۆنییەوە باوەڕیان بە جیاکەرەوە بایۆلۆژییەکان و ناوچە جیۆگرافییەکان هەیە. بۆ نموونە هۆرۆویتز پێیوایە گرووپە جیاوازەکان بەشوێن رەواندنەوەی ترسەوەن و قاووغی ئێسنیکیی خۆیان باشتر دەپارێزن ." ترس لە باڵادەستیی ئێسنیکیی و سەرکوت، ئیرادەیەکی هاندەرە کە بەشوێن دەسەڵاتەوە بێت و بارودۆخی ئێسنیکیی خۆی دڵنیا بکاتەوە" .(Horowitz 1985: 18)

دیارە چەندین پسپۆری تری بواری ئێسنیکیی پێیانوایە کە ئەوە ئێرەیی دەسەڵات و دامودەسگاکان و مۆتیڤی سیاسیی و کولتووریی و فاکتەری ئابوورییە کە کێشەی ئێسنیکیی گەرموگوڕ دەکات و بەنزینی پێدا دەکات. ئەگەر سەرنج بدرێ، وێڕای ئەوەی گرووپە جیاوازەکانی کەرکوک هەر یەکەو لە دەستپێوەگرتنی ئێسنیکیی و نەژادیی خۆیان هیچ کەمتەرخەمییەکیان نەکردووە، لەهەمان کاتیشدا زۆربەی جارەکان لەمێژووی کۆن و نوێی عێراقدا بەیەکدادان و هەڵپژانەکان فاکتەری سیاسیی و نەژادیی و کولتووریی و مەسەلەی نەوت و ئابووریی بووە. زۆرجار حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق ویستوویانە بە ئەنقەست شەڕی نەتەوەیی لەنێوان کوردوعەرەب، کوردو تورکماندا بەرپابکەن.

**قوتابخانەی instrumentalism**

ئینسترومێنتالیزم( وەک تیۆرییەکی سیاسیی و کولتووریی پێیوایە کە بیروباوەڕ هۆکارە بۆ بەئەنجامگەیاندنی کار)، کاتێک گرووپە ئێسنیکییەکان هەست و نەستی نەتەوەیی و ئێسنیکیی و باکگراوندی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیی خۆیان دەجولێنن( مۆبیلایز- Mobilize ) و دژی ئەوانی تر بەکاری دەهێنن، بیروباوەڕی ئێسنیکیی و نەژادیی و ئایدیۆلۆژیی بەرچاویان تاریک دەکات و هەموو ئەو کارانەی دژی نەیارەکانیان دەیکەن بەڕاستی دەزانن. ئینسترومێنتالیستییێکی وەک شلێچینگ Schlichting پێیوایە کە جیاوازییە ئێسنیکەکان بەس نییە بۆ ئەوەی کێشەو شەڕوشۆڕ دروست ببێ( Schlichting 1997 ). لەم ئاراستەیەشدا کەسی ناسراوی ڕەهەندی ناسیۆنالیزم ئەنتۆنی سمیس پێیوایە کە کێشە ئێسنیکەکان ڕەگوڕیشەی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیی قووڵی هەیە و بەشێوازی پێکەوەیی و بەستەک( پاکیچ ) کاردەکەن( Smith 2001 ).

**قوتابخانەی کۆنسترەکتیڤیزم Constructivism**

ئەم قوتابخانەیە پێیوایە داڕشتن و پرۆسێسی بۆچوونەکان و جێکەوتبوونیان بەلێکدانەوەی بەسوود دەبێت. جەختی سەرەکیی ئەم تیۆرییە زیاتر لەسەر ئەوەیە کە چۆن تاک و جڤاکەکان دادەکەیت و بەسەریەکدا دەیان تویێنیتەوە بەبێ ئەوەی چوارچێوە ئێسنیکیی و نەتەوەیی و مەزهەبییەکەی خۆیان بگۆڕن . یان دەیگۆڕن و دەست بە هەندێ ترادیسیۆن و کولتووری خۆیانەوە دەگرن بەبێ ئەوەی لەناخەوە هەست و نەستی بۆ جڤاکی هاوبەش و پێکەوەژیانی هاوبەش هەبێت. جڤاکە وێنەکراوەکان ( Imagined communities ) ی بەنەدیکت ئەندەرسن وێنەیەکی ڕاستەقینەی ئەو جڤاکە فانتەسییانەیە کە لەزۆر شارو هەرێم و تەنانەت وڵاتی دنیادا بوونیان هەیە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەم قوتابخانەیە بڕوای بەوە هەیە کەچارەسەری عەقڵانیی بۆ بابەت وکێشە ناکۆکەکانی پێکهاتە ئێسنیکیی و نەتەوەیی و مەزهەبیی ..........تاد بدۆزێتەوە.

وێڕای جیاوازییە مێژوویی و سیاسیی و کولتوورییەکانی ئەو سێ قوتابخانەیە، ئارمسترۆنگ پێیوایە کە ڕەچەڵەکی نەتەوەیی و ئێسنیکیی لەگەڵ سەرهەڵدانی مۆردێرنیزمدا فۆرۆمۆڵەی ئایدێنتیتیی نیشتمانیی و ناوچەیی دەکەن(Armstrong 1982 ). بەڵام بۆ کورد بەگشتیی و کوردی هەرێمی کوردستان بەتایبەتیی باشترە جەخت لە چەمکە نیشتمانیی و ڕەهەندە مەدەنیی و کولتوورییەکانی ناسیۆنالیزمی سیڤیک بکاتەوە. بەتایبەت ئەگەر ئێسنۆناسیۆنالیزمی کوردیی لەسەر کێشەی کەرکوک تێکەڵ بە ناسیۆنالیزمی ناوچەیی ( territorial) بکرێت، ئەوەی بەناوچە دابڕاوەکان و جێناکۆکەکان ناوزەد بووە، زیانە سیاسیی و کولتوورییەکانی ئەوەندە زۆر دەبن، کە ڕێگە بۆچارەسەرێکی عەقڵانیی لەنێوان پێکهاتەکانی کەرکوکدا ناهێڵێتەوە.

سەرەڕای بیروبۆچوونە جیاوازەکان و دەیان تیۆری جیاواز ، هێشتا نەتوانراوە ڕێگە لە کوشتاری بەکۆمەڵ و سڕینەوەی یەکتر و جینۆساید بگیردرێ ، چ لەلایەن دەوڵەتەوە بێت یان لەلایەن کەمایەتییە جۆراوجۆرەکان و میلیشیاکانیانەوە دژ بەیەکتر ئەنجام درابێ. شەڕو کوشتارگاکانی یۆگۆسلاڤیای پێشوو، شەڕی نێوان ئەبخازییەکان و ئۆستینییەکان هەروەها چیچانییەکان، کێشەکانی رواندا، ئۆرشەلیم و کەرکوک کۆمەڵێ لەو شارو وڵاتانەن کە کێشەیەکی دوورو درێژیان تێدایە و کەمترینیان چارەسەر نەکراون.

پسپۆرانی سیاسیی و کولتووریی و قەیرانە نێودەوڵەتییەکان کۆمەڵێ میکانیزم و رێ و شوێنی تایبەتیان داناوە یاخود تاقیکردنەوە مێژووییەکان دەریان خستووە چارەسەری ئەم کێشانە هەرچەند بەهێز و زەبروزەنگ و کەللەڕەقیی بکرێ سەرەنجام هەر سەر هەڵدەدەنەوە و دووبارە رووباری خوێن و کوشتارگان دروست دەبنەوە ئەگەر چارەسەرێکی کولتووریی و سیاسیی و عەقڵانیی و ژیاریی بۆ راییکردنی هەموو پێکهاتە جیاوازەکان نەکرێ. هاوکات راستە گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا لەسەر مەسەلەی کەرکوک و ناوچە تەعریبکراوەکان دووچاری سیاسەتی Mass Population Transfer بووەتەوە. یان ئەوەی لەسیاسەتی کوردیی و عێراقییدا ناوی بە تەرحیل و تەبعیس و تەهجیر و تەدمیر و تەعریب دەرکردووە. خەڵکێکی زۆر راگوێزران و دەردەکران و عەرەبیش بەلێشاو هێنراوەتە شوێنیان ، سەرەڕای سیاسەتی جینۆساید و بەکارهێنانی چەکی کیمیاویی و سیاسەتی تەجهیل ( راگرتنی لادێکان و ئۆردووگانی کوردستانی عێراق لە نەخوێندەوارییدا ) ..........تاد. بەڵام پێکهاتەکانی شاری کەرکوک هێشتا کەمترین ئینتیگرەیشنیان لەنێوان خۆیاندا نەکردووە چەمکی توانەوە لەناو ئایدێنتیتییەکی کۆلێکتیڤدا بەکەمترین ئاستیش نەگەیشتووە.

**بەکانتۆنکردنی کەرکوک**

ئەم نووسینە بەدوای چارەسەرێکی واقیعیی و عەقڵانیی و پراگماتییدا دەگەڕێ. ئەم چارەسەرە دژایەتی جێبەجێکردنی ماددەی 140 ی دەستووری عێراق ناکات، بەڵام پێیوایە هەلومەرجی سیاسیی و کولتووریی خەڵکی شاری کەرکوک و پێکهاتە جیاوازەکانی لەسەر ئەم ماددەیە ئەوەندە ناکۆکن کە بۆی هەیە هەڵاو شەڕو شۆڕێکی گەورەی بەدواوە بێت . پێیوایە کورد ناتوانێ چارەسەری کێشەی کەرکوک بە یەک دوورایی، ئەویش بە دوورایی کوردبوون و کوردستانییبوون و کوردایەتیی و کوردپەروەرییەوە بکات. بەڵکو دەبێ پەیام و ئەجێندا و ئامانجەکانی پانعەرەبیی و ئایدێنتیتیی عەرەبیی شاری کەرکوک و پانتورکیمانییی و پانتۆرانیی و تورکمانیزەبوونی کەرکوکیش خاڵیی بکرێنەوە و بیر لەچارەسەرێکی کۆلێکتیڤ بکرێتەوەو بەشێنەیی و بەوریایی و بە ئاگاییەوە ماددەی 140 بۆ بەرژەوەندیی هەموو نەتەوە جیاوازەکان جێبەجێ بکرێ نەک بەتەنها بۆ کورد جێبەجێ بکرێ. بەڵام پێش هەموو شتێ کورد لەکەرکوک و تەنانەت لەهەرێمی کوردستانیشدا پێویستە بەو ئاکامە بگەن کە ئایا خێری کوردایەتیی و پانکوردیزم و شیعاری کوردستانییبوونی کەرکوک و ئاڵای

کورد و حەماسی کوردپەروەریی و ئەی ڕەقیب ، کەرکوکی بەکوێ گەیاندووە تا هەنووکە بڕوا بەکورد بکرێ کە لەگەڵ دوو بەشی سەرەکیی پێکهاتەکانی کەرکوک ( عەرەب و تورکمان ) دابنیشن و چارەسەرێکی هەمەلایەنەو کۆلێکتیڤییانە بۆ کێشەی ساغبوونەوەی جیۆگرافیای ئەو شارە بکرێ.

بەکانتۆنکردنی کەرکوک یان ئەوەی لە ئەدەبی سیاسیی کوردییدا باوەو بەهەرێمکردنی کەرکوک ( یان (کۆمۆنوێڵسبوونی Commonwealth ) کەرکوک لەچوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا، کەرکوک نەک لەهەرێمی کوردستان دوور ناخاتەوە، بەڵکو پردێکی گەورەی بەیەکەوەگرێدان لەنێویاندا دروست دەکات و بگرە یەکەم سایدی هاتوچۆ دروستکردنە بۆ پێکەوەلکاندنی هەرێمی هەنووکەی کوردستان و هەرێمی کەرکوک ( کۆمۆنوێڵسی کەرکوک) لەداهاتوودا. لە نێگەتیڤترین خاڵی لاوازی ئەم توێژینەوەیە کە پانکوردیستەکان و کوردستانییانی تاراوگە و شۆڤینیزمی کوردیی و سیاسییەکانی کوردایەتیی دەیڵێن و دەیوروژێنن، ئەوە دەبێ کە کوردستانی عێراق دەکرێ بە دوو بەشەوە ، کورد بەدەستی خۆی و بەعەقڵی خۆی و بەقەڵەمی خۆی و بە ئێنێرژیی خۆی کەرکوک لەکوردستان بۆ هەتاهەتایە دادەبڕێ! و کەرکوک لەدەست کورد بەیەکجاریی دەچێ.

ئەمە بیرکردنەوەیەکی قووڵ و وردی ناوێت تا وەڵامی ئەو بۆچوونانەی شۆڤینیزمی کوردایەتیی بدرێتەوە. چونکە لایەنە پۆزەتیڤەکانی ئەم توێژینەوەیە لەسەر کەرکوک ئەوەندە زۆرن کە نەک کوردستانی عێراق دیسێنترەلایز ناکات، بەڵکو ئەو بەشانەی کوردی تێدا دەژین و هەنووکە بە ناوچەی جێناکۆک و دابڕاو ناو دەبرێن ، یەکەم هەنگاوی ئینتیگرەیشنی سیاسیی و کولتووریی دەبڕن و لەداهاتووشدا ئەوە ئەدای دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمی کوردستانە کە زامنی ئەوە دەکات ئایا زۆرینەی خەڵکی کۆمۆنوێڵسی کەرکوک قۆناغی دووەمی ئەو ئینتیگرەیشنە دەست پێ دەکەن و لەریفەرێندەمێکدا بەزۆرینەیەکی رەهاوە بگەڕێنەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، یان نا؟

لەمێژوودا نموونەیەکی زۆرباش لەبەردەمدایە، کاتێ بۆیەکەمجار پرۆژەی بەفیدراڵکردنی کۆلۆنییە کۆنەکانی بریتانیا لە ئوستراليا بە دیفاکتۆ بوو، هەر شەش کۆلۆنییە خۆجێییەکە ( نیوساووزوەیڵز NSW ، ڤیکتۆریا، کوینزلاند، ساووز ئوستراليا، تاسمانیا و ئوسترالیای خۆرئاوا ) بەپێی دەستوری ئوستراليا لە ساڵی 1901 ەوە ئەو شەش حکومەتە نیمچە سەربەخۆیە لە کۆمۆنوێڵسی ئوستراليادا یەکیان گرت و حکومەتێکی فیدراڵییان پێکهێنا و بەبێ ئەوەی حکومەتە هەرێمییەکانی خۆیان تێدا بچن. دیارە وڵاتی فیجی و نیوزلاندی ئێستاش وەک دوو قەوارەی نیمچە سەربەخۆی ئەوسا ویستیان لەگەڵ ئەو شەش ویلایەتەی ئوستراليادا یەکبگرن بەڵام بەهۆی هەندێ ناکۆکیی سیاسیی و ئابوورییەوە یەکیان نەگرت و تا هەنووکەش وەک دوو وڵاتی سەربەخۆ کاروباری خۆیان بەڕێوە دەبەن( McGrath 2003).

ئەگەر لە هەلومەرجی بەدیهاتنی کانتۆنی نیمچە سەربەخۆی کەرکوکدا ، یان وەک ویلایەتێک یاخود بەتێرمە کلاسیکییەکەی جاران کە لیوای کەرکوکی پێدەگوترا، بە تەواوی قەزاو ناحییەکانی ساڵانی پەنجاکانی سەدەی رابردووەوە حکومەتێکی خۆجێی دابمەزرێنێ و لە دە ساڵ و بیست ساڵی داهاتوودا بەگەڕانەوەی بۆ هەرێمی کوردستان ( سێ شارەکە) و بەنەگەڕانەوەی بۆ سەر هەرێم، کورد وەک گەلێک چ لە کەرکوکدا و چ لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا و تەنانەت لەئاست پارچەکانی تری کوردستانیشدا زیانێکی سیاسیی و کولتووریی و ئابووریی ئەوتۆ ناکات کە شایانی باسێکی جدیی بێت. بەڵکو بەپێچەوانەوە بەشێکی زۆر لەرەنج و خەبات و قوربانییەکانی کورد داویەتی بەرهەمەکەی دەچنرێتەوە، ستەم و هەڵاواردنی ئێسنیکیی و نەتەوەیی تێدا نامێنێ، لای کەمی ئابوورییەکەی بەدەست خەڵکی ویلایەتەکەوە دەبێت، کۆنترۆڵی ژیانی ئابووریی و ئاساییش و خزمەتگوزارییەکان دەکەوێتە دەست خۆیان و رێژەی زۆرینەش تێییدا کورد دەبێت .

ئەگەر کەرکوک لە دواتردا نەگەڕایەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئایا زیانەکانی ئەوەندە کەمەرشکێن دەبن کە کوردی کورستانی عێراق ئەوەندە بیر لە لایەنە نێگەتیڤییەکانی بکاتەوە؟ گریمان وەک نیوزلاند چۆن نەهاتە پاڵ ئوسترالیا، کەرکوکیش بەیەکجاریی نەهاتەوە پاڵ هەرێمی کوردستان، ئەوسا کورد بۆ نەڵێت لەبری یەک هەرێم، دوو هەرێمیان هەیە کە زۆرینەی رەها لەهەردووکیاندا کوردە. ئەگەر لەهەرێمی کوردستاندا رێژەکە 90% بۆ سەرەوە بێت، رەنگ بێ لە هەرێمی کەرکوکدا رێژەی کورد لەنێوان 70%-80% ببێت. تەنانەت ئەگەر لەدوور مەودادا عێراق بەتەواویی هەڵوەشایەوە، هەرێمی سەربەخۆی کەرکوک با خۆی سەربەخۆیی خۆی رابگەیەنێ و هەر بۆسەر هەرێمی کوردستانی عێراق نەگەڕێتەوە. ئایا کورد زیانێکی ئەوتۆ دەکات، کە هەنووکە رێگریی بۆ بەهەرێمبوونی کەرکوک دروست بکرێ؟ بەڵام هێشتا دەکرێت کردنی کەرکوک بەهەرێمێکی جیا و سەربەخۆ ماوەیەکی چەند ساڵیی بۆ دابنرێت و دواتر لەگەڵ رەوینەوەی گرژییەکانی نێوان پێکهاتەکانیدا بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140 بگەڕێنەوە، یان ماددەیەکی تر، کەهاوچەشن یان لەماددەی 140 ەوە نزیک بێت بخرێتە ئەجێنداوە.

بەکانتۆنکردنی Cantonisation کەرکوک ، دەکرێ داوای زۆرێک لە نەتەوەو ئێسنیکە جیاوازەکان جێبەجێ بکات بەبێ ئەوەی لایەک زۆرترین و لایەک کەمترین بەدەست بهێنێ. ئەم کانتۆنیزە دەکرێ لەچوارچێوەی دەستوری عێراقدا لەسەر بنەمای فیدراڵیزم جێکەوت بکرێ و هیچ زیانێکی سیاسیی و کولتووریی و ئابووریش بەهەرێمی کوردستان نەگەیەنێت. بەڵام زۆر گرینگە ئەم بەکانتۆنیزەی کەرکوک بەگەڕانەوەی هەموو ئەو ناوچە و شارو شارۆچکانە بێت بۆ سەر جیۆگرافیای ئێستای کەرکوک کە پێشتر ئێسنۆناسیۆنالیزمی عەرەبیی دایبڕیبوون. واتە خودی جیۆگرافیای کەرکوک کە رژێمی بەعس و رژێمەکانی پێشووتریش ویستوویانە دیسێنترەڵایزی بکەن و تەخشان و پەخشانی بکەن بە سەر شارەکانی تردا ، بەپێی دەستووری عێراق بگەڕیندرێنەوەو باری ئیداییان بگۆڕدرێ و

هەموو رایەڵە ئیداریی و سیاسییەکانیان بە چەقی پارێزگای کەرکوک یان ئەوەی پێی دەگوترا لیوای کەرکوک ببەسترێتەوە.

لەم نێوەندەدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەندێ زیانی سیاسیی و حیزبیی دەکات، کە ناوچەکانی ژێر قەڵەمڕەویی ئەو بەرەو کەرکوک دەچن و لەچاو پارتییدا لەئاستی سێ پارێزگاکە هێجەمۆنیی بچووکتر دەبێتەوە. بەڵام دەکرێ سەرکردایەتی ئەو حیزبەو بزوتنەوەی گۆڕان و ئیسلامییەکانیش لەو ناوچانەدا کە قورساییان هەیە، مەودا نیشتمانیی و ئەجێندا نەتەوەییەکانیان بخەنە پێش ئەجێندا حیزبیی و سیاسییەکانی خۆیانەوە. تاڵەبانیی کە پێدەچی ببێتەوە بەسەرۆکی عێراق یان وەک مەرجەعێکی گەورەی سیاسیی ئەو ناوچانە دەتوانێ ئازاترین بڕیاری سیاسیی و حیزبیی و نیشتمانیی، بەهاوکاریی لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا بدات و سەروەرییترین مێژووی سیاسیی لە دوا ساتەکانی ژیانیدا بۆ خۆی تۆمار بکات. بەتایبەت کە تاڵەبانیی بیرۆکەی بەهەرێمکردنی کەرکوکی دەمێکە درکاندووە. بەم پێودانگە دەتوانێ بەشێکی زۆر لە کێشە سیاسیی و کولتووریی و ئابوورییەکانی گەلی کورد لەگەڵ حکومەتی فیدراڵدا بەرەو چارەسەرێکی سەقامگیر ببات و دوا بزمار لە حکومەتی بەهێزی ناوەند و سێنترالبوونی دەسەڵاتی سیاسیی حکومەتی عێراق دابکوتێ و عێراق بەکردەوە بەسەر حکومەتی هەرێمەکاندا دابەش بکرێ و لەم رێگایەشەوە شارو ناوچەکانی تریش داوای بەهەرێمبوون بکەن.

**کەرکوک و کێشەی نەوت**

بەبێ چارەسەرێکی گونجاو بۆ نەوتی کەرکوک، چارەسەری کێشەی کەرکوک هەرگیز کۆتایی نایات. ئەمەش بۆ خۆی بەشێکە لە کێشە قووڵەکانی ئابووریی سیاسیی و قورسایی لەسەر هەر هەوڵێکی چارەسەری سیاسیی و کولتووریی بۆ کەرکوک داناوە. نەوت بووەتە بەڵا بۆ کورد، پێویستە کورد ئەو ئێرەییە پیشانی عەرەب و تورکمان نەدات کە مەبەستی سەرەکیی نەوتە. کورد ئەگەر بە تەمای نەوتەوە مرخی لەکەرکوک خۆش کردبێ، ئەوە گومانی تێدا نییە هەموو گەمە سیاسییەکانی دەدۆڕێنێت. بەپێچەوانەوە کورد دەبێ بەو دیفاکتۆ سیاسیی و جیۆگرافییەی هەنووکەی هەرێمی کوردستان و عێراق ئاهێکی عەقڵانیی بەبەرخۆیدا بهێنێتەوە کەناتوانێ بەتەنها نەوتی کەرکوک بخوات. ئەو نەوتە بەشی عەرەب و تورکمان و کورد و کریستیانەکانیشە، بەشی نەوەکانی داهاتووی ئەو پێکهاتانەیە، بەدڵنیاییشەوە بەشی کۆمپانیا نەوتییەکانی جیهانیشی تێدایە بەپێی باڵانسی هێزی سەربازیی و هەرێمیی و جهیانیی لە ناوچەکەدا.

بەهۆی پرۆژەی خزمەتگوزاریی و بەکارهێنانی نەوتی کەرکوک بۆ خەڵکی شارەکەو ناوچەکانیان، دەرفەتێکی زۆر دەڕەخسێنرێ بۆ ئەوەی هەموو ئەوەی بەعس کردی لەوێرانکردنی کوردستان بەگشتیی و کەرکوک و ناوچەکانی بەتایبەتیی ، پێچەوانە بکرێنەوە. کورد دەبێ ئەو راستییە بزانێ

، ناتوانێ بەتەنها نەوتی کەرکوک بخوات. ئەو گەندەڵییە زۆرەی لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی کوردستاندا هەیە، خراپترین وێنەی پیشانی هەموو دنیا داوە کە کورد نەک ناتوانێ سوود لە نەوت وەربگرێ بۆ پتەوکردنی ژێرخانی ئابووریی و ژیانی خەڵکی هەرێمی کوردستان، بەڵکو سەرکردەکانی خەریکی تاڵانکردن و هەرزانفرۆشتن و بەقاچاغبردنی نەوتی هەرێمن بۆ ئەوەی موفتیان لێی دەست بکەوێ و بانکەکانی هەندەرانیان بەپارەکەی بئاخنن.

دەیان ساڵە کەرکوک و ناوچە کوردنشینە بەرفراوانەکانی، بە پارەی نەوتەکەی خۆی وێران دەکرێت، هیچ ئامار و داتایەکی ورد لەدەستدا نییە، تابزانرێ نەوتی کەرکوک لەدەرهێنانییەوە چەند بووە؟ بەڵام بێگومان ئەگەر چەندین تریلیۆن دۆلار نەبێ، سەدان بیلیۆن دۆلاری لێفرۆشراوە و بە دڵنیاییشەوە یەدەکی نەوتەکەی بایی سەدان بیلیۆن دۆلار لەژێر زەوییدا راکشاوە. ئەوەی رۆیشت رۆیشت، بەڵام دەکرێ بەوەی لەژێر زەوییدا ماوە، لە چوارچێوەی جیۆگرافیای کەرکوکدا دەیانجار قەرەبووی سیاسەتەکانی بەعس و پانعەرەبیزمی پێ بکرێتەوە. دەشێ نەوت بەسەرچاوەی خۆشگوزەرانیی هەموو ئێسنیک ونەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کەرکوک بکرێ. دەتوانرێ نەوت و سامانە سروشتییەکانی تر مەیلی نیشتمانییبوون و هاوڵاتییانی کەرکوک بۆ جیۆگرافیای شارەکەیان ئەوەندە بەهێز بکات، کە هەرێمی کەرکوکیان لەهەموو عێراق خۆشتر بوێ و بیر لەسەربەخۆیی یەکجاریی بکەنەوە یان بەئازادانە بگەڕێنەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، دیارە ئەوەش بە ئەدای سیاسیی و ئابووریی و کولتووریی و مافی مرۆڤ و دێمۆکراسیی هەرێمی کوردستانەوە بەندە.

**ناسیۆنالیزم و پاتریۆتیزم، کامیان؟**

ناسیۆنالیزم بە رەهەندە سیاسیی، ئایدیۆلۆژیی و ئێسنیکیی و سۆسیۆکولتوورییەکانیەوە ناسراوە. ناسیۆنالیزمی کوردیی حەزو ئاوات و خولیاو ئایدیۆلۆژیایەکە کە بێئەملاوئەولا مەیلی بۆچەمکی نەتەوەی کورد ،نەژادی کورد، ئەو دەوڵەتەی کورد بیری لێدەکاتەوە، هەروەها دەسەڵاتی سیاسیی کورد و حیزبی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیی ئێنسیکی کورد دەجوڵێت . ئەو بێمەرجییەی وابەستەبوونی تاک بە ناسیۆنالیزمەوە رەهەندی باش و خراپی تێکەڵ دەبێت. لایەنە پۆزەتیڤییەکانی ئەوەیە کە ببێ بەناسیۆنالیزمێکی سیڤیک و لیبراڵیی، لایەنە رەش و تاریکەکەی ئەوەیە ببێ بە ئێسنۆناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمێکی شۆڤینیی. بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی ناسیۆنالیزم مەیلی بۆ چەمکی نیشتمایی و هاوڵاتییبوون ناجوڵێت و دژی ئاشتیی و مافی مرۆڤە.

ئەگەر سەیری شەقامی کوردیی بەشێوەیەکی گشتیی بکرێ، ئێسنۆناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی شۆڤینیی لە چاو باڵەکانی تری ئێسنۆناسیۆنالیزمی عەرەبیی و تورکمانییدا، لاوازترە و تاڕادەیەک تەنها لەناو ناسیۆنالیزمی تاراوگەی کوردیی و پانکوردیستەکان و کوردستانییاندا دەبینرێ. ئەگەر

بەویژدانێکی سیاسییشەوە بگوترێ، نموونەی دڵگەورەیی و لێبووردەیی ناسیۆنالیزمی سیڤیکی کوردیی و مۆراڵی جوانی سیاسیی گەلی کوردستان لەبەرچاو بگیردرێ، لەکاتی راپەڕینە جەماوەرییەکەی 1991 دا سەدان هەزار سەربازی عەرەب لەکوردستاندا لەپەلوپۆ کەوتن و چەک و تفاقیان فڕێداو خەڵکی کوردستانیش بەوپەڕیی دڵگەرمییەوە و لەوپەڕی سەختیی ژیان و هەلومەرجی ئابڵۆقەدراوی عێراقدا، جوانترین مۆراڵی سیاسیی وکولتوورییان پیشاندان، نانی سەرخوانەکانی خۆیان لەگەڵدا بەش دەکردن و رێز و خۆشەویستییەکیان لێ نرا، کە شایانی ئەوەیە هەموو کورد شانازیی بەو کارە مرۆیی ، سیاسیی و کولتوورییەوە بکات. زۆرترین ئەو یارمەتییە مرۆیی و مۆراڵە بەرزە لەلایەن کەسوکاری قوربانییانی ئەنفالەوە پێشکەش بەهێزەکانی سوپای عێراق دەکران. گەلی کورد هەمان کاریشیان کرد لەگەڵ چەندین هەزار عەرەبی هاوردە، بێئەوەی بەشێوەیەکی گشتیی دەسترێژیی بکرێتە سەر ماڵ و ژیانیان لەکاتی ئازادکردنی کەرکوکدا.

بەڵام لەگەڵە ئەوەشدا ئێسنۆناسیۆنالیزمی شۆڤینیی کورد بوونی هەیە. هەندێک لەم پانکوردیست و کوردستانییانە بەشێوەیەکی ئاشکرا دژایەتی تەواوی کولتوور و نەتەوەی عەرەب و تورک دەکەن و جیاوازیی لەنێوان رژێمە داگیرکارو سەرکوتکەرە عەرەبییەکان یان دەوڵەتی جەنتای تورکییدا لەگەڵ خەڵکی سیڤیلی عەرەب و توركدا ناکەن. هەمیشە ناسیۆنالیزم بەگشتیی و ئێسنۆنالسیۆنالیزم بەتایبەتیی رەهەندێکی رووبەدەرەوەی outwards هەیە و بەڕاشکاویی ئەنتاگۆنیزمی antagonism روو بەگرووپەکانی دەرەوەی گرووپ و ئێسنیکەکەی خۆی هەیە(Blank & Schmidt,2001). زۆرێک لەوانەی بەخۆیان دەڵێن کوردستانییان و بەچەمکە سیاسیی و ئایدیۆلۆژییەکەش پانکوردیستن یان کوردایەتیی دەکەن ئەم رقە شۆڤینییەیان بەرامبەر بەعەرەب و تورک و تەنانەت فارسیش تێدایە.

هەرچیی پاتریۆتیزمی patriotism کوردییە رەهەندێکی نیشتمانیی و مرۆیی و کێرڤێکی باڵاتری لە زمانی گفتوگۆ و داتای سیاسیی و کولتوورییدا هەیە. پاتریۆتیزمی کوردیی خۆی لە خۆشەویستیی نیشتمان و خاک و تەواوی گەلی کوردستاندا ( بەهەموو چین و توێژ و نەتەوەو ئێسنیک و مەزهەب و تایەفە جیاوازەکانەوە........تاد) دەبینێتەوە. پاتریۆتیزم یان ئەگەر بەزمانی کوردیی دروست بێت و تێرمەکە پڕ بەخۆی بێت و بنووسرێ " نیشتمانییزم- نیشتمانییبوون" ، ئەوە نیشتمانییبوون ئەو بەها نیشتمانییانەیە کە خۆشەویستیی لەدەوری تەوەرەی نیشتمان و سیمبۆڵە نیشتمانییە کۆلێکتیڤەکان دەسوڕێتەوە. بەڵام ناسیۆنالیزم خۆشەویستییەکی هەرزەییانە و ڕۆحییە لەسەر تەورەی سۆزو هەڵچوون و کەفوکوڵی نەتەوەیی کار دەکات و داکۆکیی بێمەرج لەسەرکردایەتیی دەوڵەتی نەتەوەیی، یان حیزبیی و ئایدیۆلۆژییی دەکات و بەچاوێکی کەمبایەخەوە سەیری گرووپەکانی دەرەوەی ئێسنیکەکەی خۆی یان دەرەوەی نەتەوەو وڵاتەکەی خۆی دەکات.

**ئاڵای کوردستان یان ئاڵای کورد:**

لێکدانەوە لەسەر چارەسەرێکی سیاسیی و کولتوورییە بۆجیۆگرافیای پارێزگای کەرکوک و قەزاو ناحییەکانی، ئەم چارەسەرەش راستەخۆ پێوەندیی بە ئێسنیکی کوردیی و عەرەبیی و تورکمانییەوە هەیە. دانوستانی نەتەوە باکگراوەند جیاوازەکانی ئەم شارە، پێویستە لەهەموو روویەکەوە لەبەرچاو بگیردرێ. لەوانەش دیسکۆرسی سیاسیی، ئەجێندای سیاسیی و کولتووریی، ئاڵاو سروودی نیشتمانیی..........تاد. ئاڵای هەنووکەی هەرێمی کوردستان ئاڵایەکی ئیستفزازییە provocative بۆ تورکمان و عەرەب، هەروەک ئاڵای پانعەرەبیزم و پانتۆرانییش ئیستیفزازییە بۆ کوردەکانی ئەو شارەو هەرێمی کوردستان. ئەم شەڕی ئاڵایە، پێوەندیی بەچەمکی نیشتمانییبوونەوە نییە، بەڵکو پێوەندەیی بەچەمکی ئێسنۆناسیۆنالیزمی عەرەبیی وتورکمانیی وکوردییەوە هەیە.

ئەو ئاڵایەی لە کوردستاندا ناسراوە ، ئاڵای گەلی کوردستان نییە بەواتا سیاسیی و هونەریی و ماتماتیکیی و جیۆگرافیی و کولتوورییەکەی، بەڵکو ئاڵای ناسیۆنالیزمی کوردیی بووە. پێشوەخت دەبێت پراگماتییانەو واقیعییانەو عەقڵانییانە ددان بەو راستییەدا بنێین کە ئەو ئاڵایەی هەنووکە بەئاڵای کوردستان ناوی دەرکردووە، ئاڵای نەتەوەی کوردە نەک ئاڵای کوردستان. دیارە کە دەگوترێ ئاڵای نەتەوەی کوردە، لەو حەزو خولیاو نۆستالژییە ئێسنۆناسیۆنالیستییەوە سەرچاوە دەگرێ کە دەستگرتن بەئاڵاوە سیمبۆلیزمی ناسیۆنالیستیی کورد بەرزو پڕشکۆ رادەگرێ. هەرچەندە ئەم ئاڵایە لەهیچ ریفراندۆمێکی جەماوەریی و بەهیچ بڕگەیەکی یاسایی نەبووەتە ئاڵای نەتەوەی کوردیش، بەڵکو هەر هەڕەمەکیی و خۆبەخۆ هاتووە. زۆرکەس ئەوەیان ورووژاندووە کە ئەو ئاڵایەی کۆمەڵەی تەعالی کوردستان لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی رابردوودا پەسەندیان کردبوو ، هەروەها کۆمەڵەی " خۆییبوون" تیۆرایزیان کردو لەسەردەمی قازی محەمەدی کۆماری کوردستاندا بەئاڵای کۆمار ناسێنرا، ئاڵای کوردە نەک ئاڵای کوردستان بێت. بارزانیی زیاتر وەک میراتێکی سیاسیی و سیمبۆلیزمێکی بنەماڵەیی کە دڵی بەوە خۆشە لەپاڵ ئەو ئاڵایەدا لەدایک بووە، دەیەوێ بەئاڵای کوردستان بیگشتێنێ، لەکاتێکدا پەکەکە و کوردەکانی تورکیا ئەوەندە حەماسیان بۆ ئەم ئاڵایە نییە، ئەوەندەی ئاڵای حیزبەکەی خۆیان بە سیمبۆڵ دادەنێن.

لەوە گەڕێین کە ئاڵای کوردستان، تێکەڵەیەکە لە ئاڵای سەفەوییەکان و قاجارییەکان و دواترینیشیان بنەماڵەی پەهلەوییەکان، " خۆرو شێر و شمشێرەکە" یان گۆڕیوە بە تەنها خۆرێک ماوەتەوە و رەنگەکانیان سەرووژێر کردووەتەوە، بەڵکو ئەو ئاڵایە چ پیرۆزییەکی نیشتمانیی و نەتەوەیی هەیە کە کورد نەتوانێت بیگۆڕێت؟ چەمکی کوردستان زۆر لە چەمکی کوردبوون گەورەترە، کوردستان چەمکێکی نیشتمانیی و رەهەندێکی قووڵی کولتووریی و مۆراڵێکی فراوانی سیاسیی هەیە، بەڵام نەتەوەی کورد و ئێسنیکی کورد، زۆرینەی دانیشتوانی کوردستانەکان پێک دەهێنن و خاوەن قەوارەیەکی سیاسیی و جیۆگرافیی و ئیداریی نین، جگە لە هەرێمی کوردستانی عێراق، کە حکومەتی هەرێمیان هەیە.

ئەو ئالآیەی لە کوردستاندا ناسراوە، ئالآی گەلانی کوردستان نییە بەواتا سیاسیی و جیۆگرافیی و کولتوورییەکەی، بەڵکو ئالآی ئێسنۆناسیۆنالیزمی کوردیی بووە. ناکرێ کوردەکان لەکێشەیەکی قووڵی فرەڕەهەندی وەک کەرکوکدا، بە حەماس و گیانی میلیشیای پێشمەرگایەتییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ نەتەوەکانی تردا بکەن و بە" ئالآی کوردستان چاویان کوێر بکەن". پێویست بوو زۆر زوو پارلەمانی هەرێمی کوردستان بیری لە دانانی ئالآیەکی تایبەت بەهەرێمی کوردستانی عێراق بکردایەتەوە. ئەو ئالآیەی هەنووکەش وەک وەفایەک و سیمبۆڵێک بۆ یەکەمین کۆماریی کوردیی لەمێژوودا رێزی بگیردرایە. تەنانەت دەکرێ ئالآی نوێ نزیک بێت لەم ئالآیەی ئێستاوە. بەڵام لەڕەنگەکان و ئایکۆنەکانیدا ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی ئێسنیکە جیاوازەکانی کوردستان ( کورد وعەرەب و تورکمان وکریستیانەکان.....تاد) و گیانی سەردەم بێت.

باشە ئەو مافە بۆ بەکورد بدرێ، کە ئالآی عێراقیان گۆڕی؟ یان کورد وەک فاکتەرێکی سەرەکیی، بوو بەهۆی گۆڕینی ئالآی عێراق و سێ ئەستێرەکەی پانعەرەبیزم و عروبەی میسرو سوریاو عێراقیان لێ لابردو " اللە اکبر" ەکەی بە دەستخەتی سەدام حوسێن نووسرابوو بە خەتێکێ تر گۆڕدرا. ئەی بۆچیی هەمان ماف بە تورکمان و عەرەب و کریسیتانەکانی کەرکوک نەدرێ، کە حەزیان لەئالآی کورد نییە، حەزیان لەئالآی سیاسییە کوردەکانی شاخ و پانکوردیزم و کوردایەتیی و ئێنتێلکچواڵە کوردستانییەکان و ئەکادیمیستە پانکوردیستەکان و ئێسنۆناسیۆنالیزمی کوردیی نییە؟ هەر هیچ نەبێ لەبەرئەوەی ئەو ئالآیە سیمبۆڵیکە بۆ نەژاد و رەگەز و ئێسنیکی کورد، ئایا ئەمە دووالیزمی دەسەڵاتی سیاسیی کورد و ئینتێلێکچواڵەکانی کورد و شۆفینیزمی ئێسنۆناسیۆنالیزمی کوردیی نییە، کە ماف بەئێسنیکی کورد رەوا دەبینن بەلام بۆ ئێنسنیکەکانی تر بەڕەوای نازانن؟

**ئەی رەقیب و قەومچییەتی کوردیی**

بەهەمان میتۆدی ئالآ، سروودی نیشتمانییش وەک بەشێک لەکولتووری سیاسیی و سیمبۆڵیزمی نەتەوەو ئێسنیکە جیاوازەکانی هەرێمێک، یان قەوارەیەک دەژمێردرێ. ئەستەمە لەهەموو دنیادا، بەتایبەتیی لەناو بزوتنەوە ئازادیخوازەکانی دنیادا، سروودێکی کۆنی نەتەوەپەرستیی و نەژادپەرستیی و ئێسنۆناسیۆنالیستیی وەک سروودی ئەی رەقیبی کورد لەئێستادا برەوی هەبێت. ئەو سرووده شۆڤینیزمی ئێسنۆنالیزمی کوردیی تێدا قوڵپ دەدات، گەورەترین سووکایەتی بە خەباتی نیشتمانیی و چەمکی دێمۆکراسیی و ئازادیی و دنیای مۆدێرن وخودی مرۆڤی کورد دەکات. ئەگەر عەرەب و تورکمانی کەرکوکیش بە ئیلهام لە سرووده ئێسنۆناسیۆنالیستییەکانی خۆیان لەگەڵ کوردەکاندا بەیەکدا هەڵبشاخێن جگە لە ڕووباری خوێن و قەسابخانەی بەردەوام ، کەرکوک چاوی بەهیچ ئازادیی و ئارامیی و خۆشگۆزەرانییەک ناکەوێت.

سروودی ئەی ڕەقیب لەسەربناغەی زەقکردنەوەی بنەما ڕەگەزیی و نەژادیی و نەتەوەیی و ئیسنۆناسیۆنالیستیەکانی کورد ( ئەویش بە ڤێرژینی ئێسنۆناسیوناليزمی کورد خۆی ) داڕێژراوە. ئەو سرووده لێوانلێوە لە شۆڤێنیزمی کوردیی ، بەبەهاکانی نیشتیمانیی و چەمکی دیمۆکراسیی و ئازادیی و دنیای مۆدێرن ناکۆکە. کورد لەکەرکوکدا هیچ پێویستییەکی بە سروودێکی ئێسنۆناسیۆنالیستیی و ئێسنۆشۆڤینیی وئێسنۆسێنتریزم نییە، بەڵکو پێویستیی بە سروودێکی مۆدێرن و نیشتمانیی و کۆک لەگەڵ چەمکە دیمۆکراسییەکان و مافەکانی مرۆڤدا هەیە.

لەئاستی هەرێمی کوردستانی عێراقیشدا، پێویستی بە سروودێکی نیشتمانیی هەیە، کەرەنگدەرەوەی تەواوی کولتوور و نەتەوەو نەژادە جیاوازەکان بێت و بەگیانێکی سەردەمییانە و شارستانییانە داڕێژرابێت . باشترە سروودێکی نیشتمانیی بێت بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق ، نەک سروودێکی ئێسنیکیی و نەژادپەرستیی و کوردپەروەریی! . سروودی ئەی رەقیب، نەک هەر سروودێکی نیشتمانیی نییە، تەنانەت ناسیۆنالیستییش نییە، بەڵکو سروودێکی ئێسنۆناسیۆنالیستییە. ئەگەر بڕیارە ئەی رەقیب سروودی نیشتمانیی بێت، ئەوە گومانی تێدا نییە ئەو سرووده هیچ پێوەندییەکی بە پاتریۆتیزمی خەڵکی کوردستانی عێراق و هیچ پارچەیەکی تری کوردستانەوە نییە. بەڵکو پێوەندیی بە ئێسنیکی کورد و کوردایەتیی و پانکوردیزم و خوێنگەرمیی کوردستانییانەوە هەیە، پێوەندیی بە ئێسنۆناسیۆنالیستی کوردییەوە هەیە. ئەویش بە دواکەوتووترین تێرمگەلێک کە مرۆڤ رقی لەمرۆڤبوونی خۆی و لەکوردبوونی خۆی دەبێتەوە کە ئاوا لە ئێسنۆسێنتریزمدا رادەگیردرێ.

**ئەنجامگیریی:**

ناسیۆنالیزم بەشێوەیەکی گشتیی لەدنیای مۆدێرندا شتێکی پاسۆڵۆجیی نییە، بەڵکو تێورییەکی سیاسیی و دۆکترینێکی سیاسییە و حەزی بەدەسەڵات و کەڵەگایی نەتەوەیی و ئێسنیکیی هەیە و زۆرجاریش وڵات و نیشتمان و خەڵکێکی زۆر بەقوربانی حەزی سەرەڕۆیانەی توندڕۆیی ناسیۆنالیزم دەبن. ناسیۆنالیزمی کوردیی لەزۆر مەودای کولتووریی و سیاسییدا ، لەبری ئەوەی وەک ناسیۆنالیزمێکی مۆدێرن و سیڤیک مامەڵە لەگەڵ رووداوەکاندا بکات، بە دیوە ئێسنۆناسیۆنالیستییەکەیدا مامەڵەی کردووە.

چارەسەری کێشەی کەرکوک، تەنها مەسەلەی خاك و نەتەوەو ئێسنیکی کورد نییە، تەنها مەسەلەی موڵک و ماڵی شەرعیی کورد نییە. چونکە ئەگەر وابێت، لەهەمان کاتیشدا مەسەلەی خاک و نەتەوەو ئێسنیکی عەرەب وتورکمان و کەمینە جڤاکییەکانی تریشە. چارەسەری کەرکوک نابێت هەر لەڕووە سیاسییە کلاسیکییەکەوە بێت، بەڵکو پێویستی بەچارەسەرێکی سوسیۆ (کولتووریی،ئابووریی و سیاسیی) هەیە. شاری کەرکوک لە ڕووی ( خاک، ئاو، سامانی سروشتیی، جیۆگرافیا، کولتوور............تاد) موڵکی هەموو نەتەوەو ئێسنیکە جیاوازەکانی ئەو شارەیە، ناکرێ مۆدێلی

کوردبوون و کوردایەتیی و پانکوردیزم و ئێسنۆناسیۆنالیزمی کوردیی و فانتەسیی کوردستانییانی بەسەردا بسەپێنرێ. هەروەک چۆن پانعەرەبیزم کەرکوکی وێرانکرد و ماڵی کورد و عەرەبی پێکەوە گڕ تێبەردا. بۆیە پێویستە چەمکی هاوڵاتیبوون و نیشتمانییبوون جێگەی چەمکە نەتەوەییە توندڕۆکان بگرنەوە.

لەهەنووکەدا هەرێمی کوردستانی عێراق سێ ئیدارەی سیاسیی و کولتووریی تێدایە. بەس بەناو یەک ئیدارەو یەک حکومەت و یەک دادوەریی تێدایە. سلێمانیی و گەرمیان بەس لەمیدیای حیزبییدا لەگەڵ ئیدارەی هەولێردا یەکیان گرتووەتەوە. لەنوێترین ددانپێناندا، نێچیرڤان بارزانیی لە ژمارە 575 ی هەفتەنامەی ڕۆژنامەدا بەزەقیی ددان بە دوو ئیدارەییدا دەنێت. خودی ئیدارەی هەولێریش دوو کانتۆنی canton جیاوازن. دهۆک بەس بەناو سەربەهەرێمی کوردستانی عێراقە. دەڤەری بادینان بەهۆی هێجەمۆنیی حیزبیی و ئایدیۆلۆژیی یەک لایەنی سیاسییەوە ، ئیدارەیەکە لەناو ئیدارەی حکومەتی هەرێمدا، بودجەکەی دەبێ لە هەموو شوێنەکانی تر زیاتر بێت، دێمۆکراسییەکەی گەشترین دێمۆکراسییە لەئاستی کوردستان و عێراقداو بەس دەنگ بۆ حیزبی قائیدی ئەو دەڤەرە دەدەن و زمانی کارگێڕییەکەی و زمانی پەروەردەشی نەک لەهەموو عێراق جیاوازە ، بەڵکو لەپایتەختی هەرێمی کوردستانیش ( هەولێر) جیاوازە.

لەهیچ شوێنێکی دنیای مۆدێرندا شتێکی لەو چەشنەی بادینان نییە، بەبێ بڕیارێکی سیاسیی و ئیداریی، بەبێ بڕیارێکی یاسایی و پارلەمانیی، زمان و کولتووری خۆیان جیابکەنەوە لە هەرێمێک کە بڕیارە ئەوانیش سەر بەهەمان ئێسنیکی کورد بن، بەزاراوەکەی خۆیان کاروباری سیاسیی وئیداریی و پەروەردەیی بەڕێوە ببەن! باشە گەڕانەوەی کەرکوک بەپێی ماددەی 140 ی عێراق بۆ سەر هەرێمی کوردستان، هەرێم بەرەو " ئینتێگریتی integrity یان بەرەو دیسێنترەڵایزێکی decentralize سیاسیی و کولتووریی و ناوچەیی زیاتر دەبات؟ ئەگەر ئەوە دۆخی ڕاستەقینەی هەرێم بێت، تا ئێستاش حیزب و سیلالەی بنەماڵەکان حوکمی هەرێمی کوردستان بکەن و کانتۆنی جیاواز لەناو هەرێمی کوردستاندا دروست بکەن، باشتر نییە شاری کەرکوک بۆخۆی کانتۆنێک بێت و هەرێمی کەرکوک پێک بهێنێ و لەداهاتوودا ئەگەر ویستی هەر بەهەمان دەستووری عێراق بچێتە پاڵ هەر هەرێمێکی تر بەویستی دانیشتووانەکەی بڕیار بدەن.

گەڕانەوەی کەرکوک لە دۆخێکی بەم چەشنە دیسێنترەڵایزەی هەرێمی کوردستاندا، کە کۆمەڵێ ئێسنیکی تر و ڕەگەزی تر لەگرووپەکانی تر دەخرێنەوە سەر جیۆگرافیای هەرێمی کوردستان و کانتۆنی جیاواز لەناو هەرێمی کوردستاندا هەیە، نەک هەر کارێکی سەختی سیاسییە، بەڵکو لەڕووی کولتوورییشەوە بەم شێپرەوییەی کوردستانەوە سەرناگرێ. گێڵنەر پێیوایە نەتەوە وەک دوا بەرهەمی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێسنیکەوە گەشە دەکات و کولتووریش تەوەرەی سەرەکیی ئەو گۆڕانانەیە، هەروەها کولتوور وەک سێنترالیزمی ئەرک و کارەکانی کاتەگۆری زمان وەردەگرێ(

Gellner 1983). بەمپێیە و بەبڕوای دانیاڵ کۆنڤێرسی، گێڵنەر دەکرێ بە ئەنسرۆپۆلۆجیستێک دابنرێ کە زمانی وەک تەوەرەیەکی بنەڕەتیی و چەقی بەیەکدادانە کولتوورییەکان ئەژمارد کردبێ و بە گلۆتۆ-سێنتریک Glotto- Centric ( زمان-چەقیی ) ناوی دەرکردووە ( Conversi 2002).

لەهەلومەرجێکی کولتووریی و بێسەرەوبەرەیی ئیدارەی هەرێمی کوردستاندا جیاوازیی زمانیی لەنێوان دوو شاری یەک هەرێمدا هەیە ، کاتنۆنی بادینان بەس بەناو سەر بەهەرێمی کوردستان بێت، کوردستانێک بەو شێوەیە حیزبە فەرمانڕەواکانی کورد دیسێنترەڵایزیان کردبێ و سەرۆکی حکومەت ئەگەر لە حیزبی باڵادەستی ئەو کانتۆنە نەبێ دەستی لە نووسەری ئەم توێژینەوەیە کورتترە. ئیتر گەڕانەوەی کەرکوک بەعەرەب و تورکمانەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، چ فەوزایەکی کولتووریی و سیاسیی وزمانیی لێدەردەچێ! چۆن تورکمان ڕێگە بەخۆیان دەدەن، زمانەکەی ئەوان بەڕەسمیی نەناسرێ، کەچیی کورد دوو دایەلێکتی بە دوو زمان ئەژمارد بکات؟ عەرەب چۆن لەم کۆمیدیا کانتۆنیی و زمانییەی کوردستاندا ددان بەخۆیدا دەگرێ کە زمانی ئەوان لەپاڵ کوردیی و تورکمانییدا نەکرێ بەزمانێکی تری ڕەسمیی کوردستان؟ کەچیی کورد کۆمیدیای زمانی دووستاندەردی هەبێ! ئەوانەی دەشڵێن کە زمان ئەو گرفتە نییە، بایی یەک ڕوپێ Rupee لە کێشە سۆسیۆ ( سیاسیی، کولتووریی، زمانیی) ەکان نەگەیشتوونە.

لەڕووی سیاسییشەوە، دروستکردنی هەرێمی کەرکوک، درێغییکردن نییە لە بەها نیشتمانییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا، بەڵکو بڕینی قۆناغێکی هەستیار و دژوارە بەرەو جێگیرییەکی سیاسیی و کولتووریی لە هەرێمی کوردستان و عێراق و لەناوچەکەشدا. ئەم نووسینە بڕوای وایە بەهەرێمیکردنی کەرکوک، ڕێگریی بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140 دروست ناکات، بگرە ڕێگەیەکی عەقڵانییترە بەڵام دوورترە. ڕێگەیەکە زامنی کۆمەڵێ دەستکەوتی هەنووکەیی دەکات، بەڵام کۆتایی کێشەکە ئاسانتر و روونتر دەبێتەوە. دامرکاندنەوەی کۆمەڵێ رقوکینەی ئێسنیکیی و نەژادیی نێوان نەتەوەکانەو قۆناغێکی ئاشتەواییشە بەرەو سەقامگیرییەکی سیاسیی و کولتووریی لە هەرێمی کوردستان و عێراقیشدا.

سیاسییەکانی کورد، بەعەقڵییەتی شاخ و کولتوور و مۆڕاڵی میلیشیای پێشمەرگەوە بڕگەکانی ماددەی 140 یان داڕشت و کەمترین پسپۆر و سکۆلارو توێژەر و ئینتێلێکچواڵ و یاساناسی سەربەخۆی کورد بەشدارییان تێیدا نەکرد. سەقفێکی زەمەنییان بۆداناو بەسەر خۆیشیاندا رووخا، لەناو ئەو هەموو هێزە هەرێمییانەدا، ئەستەمە ماددەی 140 بەکورد جێبەجێ بکرێ. باشترە کورد بیر لە دانانی هەرێمی کەرکوک بکاتەوە. بەهەرێمکردنی کەرکوک لەدوورمەودادا قازانجێکی سیاسیی و کولتووریی و ئابووریی زۆر گەورەی بۆ کورد دەبێت بەبڕوای ئەم نووسینە بەردی بناغەی نیشتمانی کوردستان ( نەک کورد ) لە کوردستانی عێراقەوە دادەڕێژرێ وهەرێمی کەرکوک و هەرێمی کوردستان دەکرێ لەداهاتوودا یەک بگرنەوە.

هەرچی ناوچەکانی تریشە، وەک خانەقین و شەنگارو مەخموور .....هتد، پێویستە جێبەجێکردنی ماددەی 140 تێیاندا بەدیفاکتۆ بکرێ، بەتایبەتیی لەم خولەی پارلەمانی عێراقدا. سیاسیی و یاساناسەکانی کورد و دەسەڵاتی کوردیی دەتوانن، نەرمییەکی گەورە بنوێنن بۆ کەرکوک بەبێ لەدەستدانی هیچ شکۆیەکی نیشتمانیی، لەهەمان کاتیشدا دەتوانن سووربوونێکی زیاتر بنوێنن بۆ ناوچە تەعریبکاراوەکانی تر و بە یاسا بیلکێننەوە بەهەرێمی کوردستانی عێراقەوە.

ناسیۆنالیزم بەگشتیی و ناسیۆنالیزمی کوردیی بەتایبەتیی ئەجێندایەکی نەتەوەیی و نیشتمانیی بۆ ئینتیگرەیشتنی حکومەت و دەوڵەت نەبووە ، بەحکومەتی دیفاکتۆی هەرێمی کوردستانیشەوە. چونکە ناسیۆنالیزم مەیلی بەلای ئێسنیک و نەتەوەدا دەڕوات و وەفای بۆ نیشتمان و حکومەت جڵەو دەکرێ، لەوێشەوە حیزب و ئایدیۆلۆژیا تیۆرایزی دەکەن و بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاری دەهێنن. وۆکەر کۆنۆر Walker Connor وەک بەرچاوترین سکۆلاری مەیدانی ئێسنۆناسیۆنالیزم ئەم نادڵسۆزییەو ئەم بێ وەفاییەی ناسیۆنالیزم بەرامبەر حکومەت و دەوڵەت و چەمکە نیشتمانییەکان هەیەتی ، بە ئێسنۆناسیۆنالیزم ناو دەبات( Connor 1994). هەرچەندە ئێسنۆناسیۆنالیزمی کوردیی، ئێسنۆناسیۆنالیستییەکی خێڵەکیی و عەشایەریی و بنەماڵەیی و حیزبیی و ناوچەگەریی و ئادیۆلۆژیایی زیاتر دەرکەوتووە.

ناسیۆنالیزمی کوردیی لە بۆچوونی هەندێ سکۆلارو ئەکادیمیستی کورددا، هێشتا لەدایک نەبووە. لەڕاستییشدا ناسیۆنالیزمی کورد هێشتا تەنها هەنگاوێک لەباری فیکریی و سیاسیی و کولتوورییەوە لە خێڵ و بنەماڵە سیاسییە دەستڕۆیشتووەکانی ئێسنیکی کورد دوور کەوتووەتەوە. هێشتا چەمکی نەتەوەییبوون ، بەواتا تیۆرییەکەی"ناسیۆنالیزم" وەک مەسعود محەمەد باسی دەکات لەپزدانی کوردایەتیی بەرنەبووەتەوە. کاتێ ناسیۆنالیزمی کوردیی بەم هەموو نارۆشنییەوە دێت لەسەر پرسی ئەوەی کۆنۆر پێی دەڵێ ئیکۆ- ئێسنۆناسیۆنالیستیی Eco-Ethnonationalism ( ibid) پرۆژەی چارەسەری کێشەی کەرکوک پێشکەش دەکات، تووشی دەیان نەدانیی سیاسیی و یاسایی و کولتووریی و کۆمەڵایەتیی دەبێتەوە.

سەرکردەکانی کورد بەشێوەیەکی زۆر ناشەفافانە( ناڕوونکاریی) نەوتی هەرێمی کوردستانیان بە کۆمپانیا رۆژئاواییەکان داوە، بەڵام بۆکێ؟ نەک بۆ گەلی کوردستان، بەڵکو بۆ کۆمەڵێ کۆنتراکچیی حیزبیی و بنەماڵەیی و بەبێ ئەوەی پارلەمان ئاگای لەشتێکی ئەوتۆ هەبێ. باشە بەم عەقڵیەتە حیزبیی و میلیشیایی و کۆنتراکچییەوە چۆن تورکمان و عەرەبی کەرکوک، چۆن حکومەتی فیدراڵی عێراق و ئەمێریکا ، چۆن نێوەندە نێودەوڵەتییەکان لێ دەگەڕێن، یەکێک لەگەورەترین عەمبارەکانی نەوتی دنیا بۆ ژێر دەستی کۆنتراکچییە سیاسییەکانی کورد بگەڕێتەوە؟ باشتر نییە بۆ ئەوەی لەهەمان کاتدا نەوت و خاک و بەشێک لەنەتەوەکەت بۆ هەتا هەتایە بڕوات ،بیر لە دامەزراندنی هەرێمی کەرکوک بکرێتەوە! بەهەرێمکردنی کەرکوک بەتەواوی ناحیەو قەزاکانی زووی خۆیەوە،

گەورەترین شکستە بەسیاسەتی تەعریب و تەرحیلی بەعس، سەرکەوتنێکی گەورەشە بۆ خەباتی دێمۆکراسیی و مافی مرۆڤی هەموو ئێسنیکە جیاوازەکان.

خاڵێکی تری گرینگ کە زۆر بەجدیی دەبێ لەبەرچاو بگیردرێ، بەپێچەوانەی ئێسنۆناسیۆنالیستەکانی کوردەوە کە پێ لەسەر چەمکی خاک و نەتەوەو ئێسنیکی کوردو کوردستانیییبوونی! کەرکوک دادەگرن، لە کێشەیەکی هەستیاری وەک کەرکوکدا، نابێ چەمکی بەس " بۆخۆمان" بەبێ لەبەرچاوگرتنی "ئەوان" بکرێتە تەوەرەی سەرەکیی گەڕانەوەی مافی خاک و مافی نەتەوەو نیشتمان بۆ سەر رێچکەی سەرەکیی خۆیان. کورد ناتوانێ لەدنیای ئەمڕۆدا بەهیچ کەسێکی دەرەوەی گرووپی ئێسنیکی کوردی بسەلمێنێ کە کەرکوک شارێکی کوردییە. تەنانەت شارێکی کوردستانییش نییە بەمانا گشتی و ڕەهاکەی ، بەڵکو شارێکی هەرێمی کوردستانی عێراقە.

وێڕای ئەوەی ناسیۆنالیزم و ئێسنیکبوون دوو چەمکی تێکەڵ و پێکەڵن، لەڕوانگەی ئەنتۆنی سمیسەوە زۆربەی فۆرمەکانی ناسیۆنالیزم بە رەگەزی ئێسنیکەوە بەستراونەتەوە، کۆنۆر زیاتر دەڕوات و پێیوایە کە هەموو ناسیۆنالیزمێک وابەستەیە بە ئێسنیکەوە، تەنانەت ئەوانەی خۆیان هەڵدەخەڵەتێنن و بە ئایدێنتتیی مەدەنییبوون و دڵسۆزییبوونی سیڤیکیی، تەنها دڵێ خۆیان دەدەنەوە، لەنێوان پاتریۆتیزم و ناسیۆنالیزمدا لەگێژەنگدان و سەریان لێ تێک دەچێ، چونکە تەواوی چەمک و رەهەندەکان پێکەوە نووساون. تێرمی ئێسنۆکان لە گریکی کۆنەوە هاتووەو تێرمی نەتەوەش لە لاتینییەوە هاتووەو هاوواتاو یەکسانن( Conversi 2002).

هەرچەندە ناسیۆنالیزم یەکێکە لەدیاردەکانی مۆدێرنیزم لەڕوانگەی زۆر سکۆلارەوە لەوانەش سمیس پێیوایە پێوەندییەکی بەهێز لەنێوان ناسیۆنالیزم و مۆدێرنیزمدا هەیەو ناسیۆنالیزم یەکێکە لەکارێکتەرە جەوهەرییەکانی intrinsic دنیای مۆدێرنیزم و نەتەوەش وەک تەوەرەیەکی تیۆریی و سیاسیی لە دوا قۆناغەکانی مۆدێرنیزمدا سەری هەڵدا(Smith, 1981). بەڵام لەڕوانگەی ئەنسرۆپۆڵۆجیستەکانەوە زیاتر جەخت لە تێکهەڵکێشان و بەریەککەوتنە کولتوورییەکان و بەها نیشتمانییەکان دەکرێتەوە و بەتایبەتی بۆ جیاوازییە ئێسنیکیی و زمانەوانییەکان. بۆ مەسەلەی کولتووریی و زمانیی لەشاری کەرکوکدا پێویستە سوود لەدیدی مۆدێرنیزم و ئەنسرۆپۆڵۆجیستەکان وەربگیردرێ و تەنها بەدیدی سیاسیی و جیهانبینیی حیزبی شمولیی و حیزبی نەتەوەیی و سەرکردەی ناسیۆنالیستیی نەخوێندرێتەوە. لەهەرێمی کەرکوکدا، خەڵکەکەی خاوەنی شارەکەی خۆیان دەبن، دەتوانن بەشێکی زۆری سامانە سروشتییەکانی ژێر خاکەکەیان بۆ خۆیان بەکاربهێنن. حکومەتێکی دێمۆکراسیی و پلورالیزمێکی سیاسیی کەموێنە دابهێنن. هەر سێ زمانی کوردیی و عەرەبیی و تورکمانییش بەزمانی رەسمیی هەرێمی کەرکوک بکەن.

هەنووکە بەدەر لەوەی ناسیۆنالیزم و ئێسنۆناسیۆنالیزمی کوردیی لەکوێی هاوکێشە سیاسیی و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و لێکدانەوە کولتووریی و ئەنسرۆپۆلۆجییەکاندا وەستاوە، گرینگ ئەوەیە ناسیۆنالیزمی کوردیی لەسەر کێشەیەکی سیاسیی و کولتووریی ریشەقووڵی وەک کەرکوک، بەدیدێکی تۆلێرانسی کولتووریی و مۆدێرن و عەقلانییەتی سیاسیی و واقیعیەتی سیاسیی ئەو هاوکێشانەی لەسەر واقیع بوونیان هەیە هەڵسوکەوت بکات و خوێندنەوەی ژیرانەو ولۆژیکانەی هەبێ و خۆی نەداتە دەست دروشمی حەماسیی و هەڕەشەی بەتاڵ و فوارەی توندڕۆیی کوردایەتیی و پانکوردیزم و کوردستانییانەوە!. مەسەلەی کەرکوک پێش ئەوەی مەسەلەی خاک و نیشتمان و ئابووریی بێت، مەسەلەی کۆمەڵێ ئێسنیکی جیاوازو کولتووری جیاواز و زمانی جیاوازە، مەسەلەی راستکردنەوەی ئەو هەموو سیاسەتانەیە کە بەعس دژ بەنەژادی کورد و تاکی کورد کردی، کەڵکی ئەوەی نەماوە تەنانەت هەڵەیەکی تەکنیکیشیی تێدا بکرێ ، تا بەهەڵە و هەڵپەیەکی سیاسیی و کولتووریی و ستراتیژیی دەگات.

لە کۆتاییدا، بەکانتۆنکردنی کەرکوک، هەلێکی مێژووییە بۆ تەواوی گەلانی عێراق کە بیری فیدراڵیزم لە هەرێمێکەوە ( سێ پارێزگای هەرێمی کوردستان ) بەرەو دوو هەرێم ( کەرکوک و هەرێمی کوردستان ) ببرێ و جێکەوت بکرێ. ئەمە هاندانێکی سیاسیی و کولتووریی و یاسایی و دەستوریشە بۆ ئەوەی لە باشوور و ناوەڕاستی عێراقدا پرۆژەی کانتۆنەکان و بەهەرێمکردنی شارەکان دەست پێبکات و چەمکی فیدراڵیزم بە دیفاکتۆ ببێ. ئەگەری زۆر هەیە بەکانتۆنکردنی کەرکوک، بەکانتۆنکردنی بەسرە و شارەکانی تری بەدودا بێت و عێراقی ناوەند بەکردەوە بەعێراقی هەرێمەکان و بەعێراقی فیدراڵ دەبێت. لەبەکانتۆنبوونی کەرکوکدا کورد نەک هیچ زیانێک ناکات، بەڵکو شەڕێکی گەورەی مێژوویی و سیاسیی و کولتووریی لەکۆڵ دەبێتەوەو چارەنووسی ئەو شارە بە دەست خەڵکی شارو قەزاو شارۆچکەکانییەوە دەبێت.

شاری کەرکوک کە هەنووکە هەژارترین وماڵوێرانترین شاری عێراقە، دەکرێ بەهۆی تەرخانکردنی رێژەیەکی بەرچاو لەنەوتەکەی لەماوەی چەند ساڵێکدا، بکرێ بە خۆشترین و جوانترین شاری عێراق و هەموو نەتەوەو ئێسنیکەکانیش بەهارمۆنیی پێکەوە بژین. بەدڵنیاییشەوە کورد جگە لە دەستکەوتی سیاسیی و کولتووریی و ئابووریی ، هیچ زیانێکی ئەوتۆ ناکات کە شایانی باس بێت. جێبەجێکردنی هەرێمی کەرکوک، خۆی لەخۆیدا جێبەجێکردنی بەشێکی ماددەی سەدوچلە لە دواوە پێیداهاتنە تا لەپێشەوە دەست پێبکرێ. ئەو نەوتەی لەهەر سێ پارێزگاکەی کوردستانیشدا هەیە ئەگەر لەنەوتی کەرکوک زیاتر نەبێ کەمتر نییە ، دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەبێ پیشانی عەرەب و تورکمان و دنیای بدات کە کەرکوکی بۆ نەوت ناوێت ئەوەندەی بەشوێن راستکردنەوەی سیاسەتەکانی بەعس و چارەسەری کێشەی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردەوەیە لە عێراقدا.

# سەرچاوەکان:-


1. Armstrong, J (1982) *Nations before nationalism*, Chapel Hill: University of North Carolina Press
2. Astarjian H D, 2007, *the struggle for Kirkuk: the rise of Hussein, oil, and the death of tolerance in Iraq, Greenwood Publishing Group. USA.*
3. Blank, T., Schmidt, P., & Westle, B. (2001). “Patriotism”—Acontradiction, a possibility, or an empirical reality? Paper presented at the ECPR Workshop 26 “National Identity in Europe,” in Grenoble, France
4. Connor W (1994).*Ethnonationalism : the Quest for understanding* ,Princeton, New Jersey: Princeton University Press.
5. Conversi, D (2002) *Conceptualizing nationalism: an introduction to Walker Connor's work*. In: Conversi, D (ed.) Ethnonationalism in the contemporary world: Walker Connor and the study of nationalism. Routledge advances in international relations and global politics (21). Routledge, London, UK, pp. 1-23
6. Gellner, Ernest 1983. *Nations and Nationalism*. Oxford: Basil Blackwell/Ithaca: Cornell University Press
7. Hobsbawm, E. (1995, February). Identitat: Estat, etnicitat, religió. *Revista Avenç, 189*
8. Horowitz, Donald L. (1985) *Ethnic Groups in Conflict*, Berkeley, Los Angeles, and London: University of California Press
9. Houston C 9 2008, *Kurdistan Crafting of National selves* , Oxford and NY, BERG.
10. Ibrahim, S 1998, Ethnic conflict and state-building in the Arab world, Oxford and USA, , Blackwell Publisher available at: http://www.aina.org/articles/ecasbitaw.pdf
11. Kymlicka, W ( 1995 ) *Multicultural citizenship: a liberal theory of minority rights*, New York, Oxford University Press.
12. Kymlicka, W. (2001), Politics in the Vernacular: Nationalism, Multiculturalism, and Citizenship, Oxford University Press Inc., New York.
13. McGrath F2003, *The Framers of the Australian Constitution* (Brighton-le-Sands: Frank McGrath, 2003
14. Schlichting, U( 1997) *Conflict Between Different Nationalities: Chances for and Limits to Their Settlement* in Andreas Klinke, Ortwin Renn & Jean-Paul Lehners ,eds, *Ethnic Conflicts and Civil Society*. Aldershot: Ashgate Publishing Ltd.
15. **Smith A D (2001)**, *Nationalism: Theory, Ideology, History*. Cambridge: Polity Press, 2001, 182 pp, Canadian Journal of Sociology
16. Smith, Anthony D. 1981. *The Ethnic Revival*. Cambridge: Cambridge University Press
17. Toft, M D 2003, *The geography of ethnic violence: identity, interests, and the indivisibility of territory*, USA, Princeton University Press.
18. van den Berghe, P. L. (1981). The ethnic phenomenon. Westport, CT: Praeger
19. Willet, C. (1998), Theorizing Multiculturalism, A Guide to the Current Debate, Blackwell Publishers, Oxford
20. گۆرباتشۆف ، م 2010، لەدەستچوونی بیرۆیسترۆیکا ، وەرگێرانی بۆ کوردیی، سەعید عارف ، وتارەکە لەم لینکەدا: http://sbeiy.com/ku/ByaniArticleDetail.aspx?id=547